https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دیکۆنستراکشن و عیرفان

## بە نموونەی شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی

پ. ی. د. سیروان جبار ئەمین        چاوەڕێ نیعمت سالح (چۆمانی)

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی زمانی کوردی

sirwan.amin@soran.edu        chaware.salih@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دیکۆنسنتراکشن و عیرفان: بە نموونەی شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی)یە، هەوڵێکە لەپێناو ڕاڤەکردنی تێکستی عیرفانیی کوردی بە نموونەی شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی بە میکانیزمەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن. کۆکردنەوەی عیرفان و دیکۆنستراکشن لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا، یەکەم هەوڵی کۆکردنەوەی دوو هەبووی سەربەخۆیە، بەڵام لەسەر بنەمای جیاوازی-differenceنەوەک لێکچوون.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕاڤەکردنی زاراوەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن، لەوانە دیکۆنستراکشن، لۆگۆسەنتەریزم، دیفرانس، دەنگ سەنتەری و گرافۆسەنتەریزم. بەشی دووەم بریتییە لە ڕاڤەکردنی دوانەی لێکدژی شەو و ڕۆژ بەپێی میکانیزمەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لە دیوانی مەحویدا.

وشە کلیلییەکان: دیکۆنستراکشن، عیرفان، ژاک دریدا، مەحوی، دوانەی لێکدژی شەو و ڕۆژ.

**دیکۆنستراکشن و عیرفان**

**بە نموونەی شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی**

**پێشەکی:**

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی کات کۆکردنەوەی دوو شت لەسەر بنەمای وێکچوون دەبێت، بەڵام کۆکردنەوەی عیرفان و دیکۆنستراکشن لەم توێژینەوەیەدا لەسەر بنەمای وێکچوون و هاوشێوەبوون-similarity نییە، بەڵکو لەم توێژینەوەیە عیرفان و دیکۆنستراکشن لەسەر بنەمای جیاوازی difference- کۆکراونەتەوە. کۆکردنەوەی دوو جیهابینیی تەواو جیاواز کە یەکێکیان عیرفان و ئەوی تر دیکۆنستراکشنە بۆ سەربەخۆیی و تاکایەتیی هەریەک لە عیرفان و دیکۆنستراکشن دەگەڕێتەوە. دیکۆنستراکشن وەکو ستراتیژیەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژئاوا لەدایکبوو، بەڵام عیرفانی ڕۆژهەڵاتیی ئیسلامی بۆ سەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (دیکۆنستراکشن و عیرفان: بە نموونەی شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی). ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی نوێیە بۆ خوێندنەوەی تێکستی عیرفانی و دیوانی مەحوی بە میکانیزمەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی (سەبجێکتیڤ) و دەرەکی (ئۆبژێکتیڤ) لەپشت هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ لێتوێژینەوە هەبوون، بۆیە هەوڵدەدەم بە خاڵ بیانخەمەڕوو:

یەکەم: پێش ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەی ئەکادیمیی کوردیدا، بە هیچ شێوەیەک بە میکانیزمەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن کار لەسەر ئەدەبیاتی عیرفانی و شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی نەکرابوو، ئەمەش هۆکارێکی دەرەکیی باش بوو بۆ توێژەر، تاوەکو بتوانێت ئەم ناونیشانە بۆ کارکردن هەڵبژێرێت، لە سایەی ئەمەشەوە ئەم توێژینەوەیە بوو بە یەکەم کاری کۆکردنەوەی دیکۆنستراکشن و عیرفان لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا.

دووەم: تێرمی "دوانەی لێکدژی-Binary Opposition" هۆکارێکی گرنگ بوو بۆئەوەی بتوانین عیرفان و دیکۆنستراکشن پێکەوە کۆبکەینەوە، چونکە ستراتیژیەتی دیکۆنستراکشن دەخوازێت لەو دەقانە کار بکات کە دوانەی لێکدژی تێدا بەرجەستەکراون، ئەدەبیاتی عیرفانی و شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی سەرزەمینی بەرفراوانی دەرکەوتنی دوانەی لێکدژیەکانن.

سێیەم: هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە پەیوەندی بە توێژینەوەکانی پێشووتر هەیە کە لەسەر جیهانبینیی مەحوی ئەنجامدراون، چونکە زۆرینەی توێژینەوەکانی پێشوو مامەڵەیەکی ترادیسیۆنیان لەگەڵ هزری مەحویدا کردووە، هەر لە ئەنجامی ئەمەشەوە ئەمان تەنیا کاریان لەسەر چەمکە سەنتەرییەکان کردووە، بەڵام شێوازی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە بەشی زۆری توێژینەوەکانی پێشووتر، چونکە ئەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم پەنجە لەسەر چەمکە پەراوێزییەکان دادەنێت

و حەقیقەتی چەمکە سەنتەرییەکانیش لە توێژینەوەی ترادیسیۆنیدا دەخاتە ژێر گومانەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە تەواوی شیعرەکانی دیوانی مەحوی دەگرێتەوە. هۆکاری دیاریکردنی تەواوی دیوانی شاعیر پەیوەندی بە سیستەمی هزری مەحوییەوە هەیە، چونکە ئێمە پێمانوایە بەشێکی تێگەیشتن لە هزری مەحوی پەیوەندی بەو شیعرانەوە هەیە کە مەحوی بە زمانەکانی تر نووسیویەتی.

**گرنگیی ئەم توێژینەوەیە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دوو ڕوانینی نوێ بە ڕووی تێگەیشتن لە جیهابینیی مەحویدا دەکاتەوە، یەکەم: دەلاقەیەکی تازە بە ڕووی خوێندنەوەی دیوانی مەحوی دەکاتەوە، ئەمیش لە ئەنجامی کارکردن لەسەر پەراوێزەکان و هەڵوەشاندنەوەی پێگەی سەنتەرەکان. دووەم، ڕەهاگەرایی توێژینەوە ترادیسیۆنەکان دەخاتە ژێر گومانەوە، دواجار هەر بەهۆی ئەمیشەوە بەر تێگەیشتنێکی نوێ لە هزری مەحوی دەکەوین. خاڵێکی تری گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەم کاری لەم شێوەیە لە توێژینەوەی ئەکادیمیی کوردیدا دەگەڕێتەوە، چونکە کارکردن بە میکانیزمی دیکۆنستراکشن لەسەر ئەدەبی عیرفانی کوردی، پێشتر بوونی نەبووە.

**میکانیزمی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدێکی دیاریکراو نەبەستووە، چونکە دیکۆنستراکشن وەکو پرۆژەیەکی ستراتیژی لە دەرەوەی مامەڵەیەکی ڕووتی میتۆدییانە کار دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوەیە بە

میکانیزمەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لەسەر دیوانی مەحوی هاتۆتە بەرهەم.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە ڕاڤەکردنی چەمکە سەرەکییەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشنە، لەوانە زاراوەکانی دیکۆنستراکشن، لۆگۆسەنتەریزم، دیفرانس، دەنگ سەنتەری و گرافۆسەنتەریزم. بەشی دووەمی توێژینەوەکە بریتییە لە بەکارهێنانی میکانیزمی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لەسەر دیوانی مەحوی، کە ئەمیش میکانیزمی دوانەی لێکدژییە، هەر بەپێی ئەم میکانیزمەش دوانەی لێکدژی شەو و ڕۆژمان لە دیوانی مەحوی ڕاڤەکردووە.

**١.دیکۆنستراکشن لە ڕووی چەمکەوە**

پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لای ژاک دریدا، پڕۆژەیەکی گشتگیر و بێسنوورە، گشتگیر و بێسنوریی دیکۆنستراکشن بەو مانابیە، کە دیکۆنستراکشن تەنیا پڕۆژەیەکی فەلسەفی، هونەری، سیاسی، یاخود ئابووری نییە، بەڵکو دیکۆنستراکشن پڕۆژەیەکە دەچێتە ناو هەموو لقە مەعریفییە جیاوازەکانەوە، هەر لەبەر ئەمەشە دەگوترێت دیکۆنستراکشن بە تەنیا میتۆد و قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی ئەدەبی نییە، لەبەرئەوەی دیکۆنستراکشن توانایەکی زۆر لەوە زیاتری هەیە، کە لە سنوورێکی کۆنکرێتیدا بخولێتەوە. فیکری دیکۆنستراکشن بە سروشتیی خۆی لەناو هەموو شتێکی جیهانی بووندا ئامادەیی هەیە، هەر ئەو سروشتیبونەی فیکری دیکۆنستراکشنە، کاری لە ژاک دریدا کردووە، تاوەکو بڵێت دیکۆنستراکشن "هەر ڕوو دەدات، ڕووداوێکە پرس بە کەس ناکات، چاوەڕوانی هیچ وشیارییەک و ڕێکخستنێک ناکات لە لایەن کەسێکی کاراوە"(دریدا، ٢٠١٣: ٢٥)، چونکی دیکۆنستراکشن هەبووێکی کلتووری

نییە، بەڵکو بوونێکی سروشتیی هەیە، سروشتی بەو مانایەی، کە ناکەوێتە ناو چوارچێوە دەستکردەکانی مرۆڤەوە، هەر لەبەر ئەمەشە دیکۆنستراکشن ناکۆکی لەگەڵ هەموو ئەو تێگەیشتنانە هەیە، کە بە چاوێکی میتۆدیانە دەڕوانێتە پڕۆژەی دیکۆنستراکشنەوە، چونکە دیکۆنستراکشن لە دەرەوەی بنەما و پڕەنسیپ و سنووردایە، لەبەرئەوەی بۆ ژاک دریدا دیکۆنستراکشن سروشتێکی لاموتەناهی هەیە، یاخود بەمانایەکی تر دیکۆنستراکشن هاوشێوەی چەمکی خودای ناو ئایینی ئیسلامە، لە هەموو شوێنێک هەیە، هەروەها لە هیچ شوێنێکیش نییە، کەوایە "دیکۆنستراکشن" بۆ ژاک دریدا و" خودا-الله" بۆ ئایندارانی موسڵمان بوونێکی بێسنووریان هەیە.

دیکۆنستراکشن وەک ئەوەی ژاک دریدا ئاماژەی پێداوە، ناکرێت مامەڵەیەکی ڕەخنەییCritique لەگەڵ بکرێت، چونکە بۆ ژاک دریدا دیکۆنستراکشن وەک هیچ قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی نییە، کە بنەمای جێگیر و هەمیشە و نەگۆڕی هەبێت، هەر ئەوەش وایکردووە ژاک دریدا بڵێت:"من ناخوازم دیکۆنستراکشن وەک میتۆدێک یان قوتابخانەیەک بمێنێتەوە"(دریدا، ١٩٩٧: ٣٠)، چونکی بونیادگەریەکان وەکو قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی پێش دەرکەوتنی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن، کاریان بە چەند بنەما و یاسایەکی نەگۆڕ دەکرد، هەموو دەقەکانیان بەو یاسا و بنەما پێشوەختە ئامادەکراوە دەپێوا بۆ ئەوە دەکرد، چونکە ئەمان بە دوای یاسایەکی جێگیربوون، تاوەکو بتوانن بەهۆی ئەو یاسا نەگۆڕانەوە بە یەک شێوە خوێندنەوە بۆ هەموو دەقەکان ئەنجام بدەن، بەڵام پڕۆژەی دیکۆنستراکشن تەواو پێچەوانەی فەلسەفەی جێگیر و نەگۆڕە، چونکە لای ژاک دریدا تەنیا شتێک، جێگیر بێت، بریتییە لەوەی هیچ شتێک جێگیر نییە، بۆیە ئەگەر ئەو فەلسەفەیەی، کە ڕەخنەی بونیادگەری لەسەر بیناکراوە، بە دوای فیکری نەگۆڕ و هەمیشەییەوە بێت، لە بەرانبەردا ژاک دریدا و پڕۆژەی دیکۆنستراکشن کار بۆ ڕووخاندنی هەموو ئەو تێگەیشتنانە

دەکەن، کە بوون بە نەگۆڕ و یەک شێوەی جێگیر دەبینن، هەر ئەمەشە پرۆژەی دیکۆنستراکشن هەموو نەگۆڕ و هەمیشەییەکان دەخاتە حاڵەتی جوڵانەوە، جوڵاندنێک لە شێوەی بومەلەرزە، کە هەموو نەجوڵاوەکان دەخاتە حاڵەتی جوڵانەوە(رویل،١٣٩٥: ٤٤)، هەر لەبەر ئەمەشە دەگوترێت دەنگی ژاک دریدا دەنگێکی دژە فەلسەفە و پۆپۆلیستییە، چونکە ژاک دریدا بانگەشە بۆ ناجێگیری و گۆڕان دەکات.

لە دیدی ژاک دریدادا، هەموو فەلسەفەیەکی خاوەن بنەمای نەگۆڕی ئامادەکراو، مەترسییەکی گەورەی هەیە، مەترسیی ئەم جۆرە فەلسەفانەش بۆ ژاک دریدا لەوەدایە، کە لایەنگرانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە باوەڕیان بە جیاوازی و فرەیی نییە. ڕەخنەی بونیادگەری یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە، چونکی لایەنگرانی ڕەخنەی بونیادگەری بە بنەما و یاسای نەگۆڕ بە یەک شێوە ڕووبەڕووی هەموو دەقێک دەبوونەوە، بۆیەش ڕەخنەگری بونیادگەری ناتوانێت دەرکی جیاوازیی نێوان دەقەکان بکات، بەڵام لە پرۆژەی ژاک دریدادا، هیچ دەقێک هاوشێوەی دەقێکی تر نییە، بەڵکو دەقەکان خاوەنی تایبەتمەندیی سەربەخۆی خۆیانن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژاک دریدا باوەڕی بە بنەمای ئامادەکراوی پێشوەخت نەبێت، چونکە لە دەقدا "بەها" و "ژمارە" و "جۆری" سەنتەر و پەراوێزەکان جیاوازن، ئەمەش بەهۆی ناجێگیریی ئایدۆلۆژیاکانەوەیە، بەرهەمی ناجێگیریی ئایدۆلۆژیاکانیش بۆتە هۆی بێبنەمابوونی پرۆژەی دیکۆنستراکشن، هەر بۆیەش"ڕۆشنبیریی دیکۆنستراکشن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت"(ژاک دریدا،٢٠٠١: ٩٧). گۆڕانی ڕۆشنبیری دیکۆنستراکشن لە ولاتێکەوە بۆ وڵاتیکی تر بەرگریکردنێکی تری ژاک دریدایە لە نائامادە-Absence، چونکە ژاک دریدا پێیوایە جیاوازیی ئایدۆلۆژیایی لە دەقدا، دەبێتە هۆی جیاوازیی هزری لە دەقدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەقەکان هاوشێوەی یەکتر نەبن، کەوایە ئەوەی لە پرۆژەی دیکۆنستراکشندا بڕیاردەدات، کە دەق چۆن شیبکرێتەوە، توێژەر

نییە، بەڵکو دەقە، چونکە دەق توێژەر ڕێنوێنی دەکات، تا لەسەر گیانی دەقدا کاربکات، کەوایە توێژەر ئازاد نییە، هەرچی بییەوێت دەبەر دەقی بکات، چونکە دوانەی لێکدژیەکانی ناو دەق دەبنە کاری توێژەر. ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ژاک دریدا لەگەڵ دەق، بەرهەمی دیفرانس-diffrance"ـە، بەڵام بەرهەمی ئەم دیفرانسە لای ژاک دریدا، دەبێتە هۆی بەرگریکردنی ژاک دریدا لە نائامادە-Absence. ئەو بێ بنەماییەی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن بە مانای نیهلیستیبوونی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن نایەت، بەڵکو ئەو بێبنەماییەی پڕۆژەی ژاک دریدا بۆ ئەوەیە نیشانیبدات هیچ هەبوویەکی هەمیشەی و نەگۆڕ بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە زنجیرەیەک لە جیاوازی و ناجێگیری، ئەمەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە "دیکۆنستراکشن بە پێی عادەت لە دەقەکاندا ڕەنگ دەداتەوە"(بیرتێنز،٢٠١٥: ٢٣٤).

لەسەر ئەم پاشخانە مەعریفییەی، کە لەسەرەوە باسکرا، کاتێک (ئۆزتسۆ) داوای پێناسەکردنی دیکۆنستراکشن لە ژاک دریدا دەکات، لە وەڵامدا ژاک دریدا پێی دەڵێت:" چ شتێک دیکۆنستراکشن نییە؟ هەموو شتێک! ئەی چ شتێک دیکۆنستراکشنە؟ هیچ شتێک!"(دریدا، ٢٠١٣: ٢٧). ئەو شێوە ڕاڤەکردنەی ژاک دریدا بۆ زاراوەی دیکۆنستراکشن بەو ئامانجەیە، کە دیکۆنستراکشن بچووک نەکرێتەوە بۆ چەند بنەمایەکی میتۆدیانەی ڕووت و چەقبەستوو، کە دواجار وەک ئایدۆلۆژیا و قوتابخانە و ڕێبازێک توانای گواستنەوە و دەستاودەستیان هەبێت، چونکە ئەگەر دیکۆنستراکشن بچوککرایەوە بۆ هەر یەکێک لەمانە، ئەو کات دەبوو پڕۆژەی ژاک دریدا باوەڕی بە فرەدەنگی و جیاوازی نەبوایە. ژاک دریدا لە کاتی ناساندنی زاراوەی دیکۆنستراکشندا، لە بری ئەوەی کار بۆ پێناسەکردنی زاراوەی دیکۆنستراکش بکات، کار لەسەر ڕاڤەکردنی زاراوەکانی تر دەکات، چونکە ژاک دریدا باوەڕی وایە دیکۆنستراکشن یەک زاراوە نییە، بەڵکو دیکۆنسراکشن هەموو شتێک و هیچ شتێکیشە،

بەڵام ئەگەر ژاک دریدا هەر پێناسەیەکی بۆ زاراوەی دیکۆنستراکشن پێشکەش کردبا، ئەوا دەتوانرا دیکۆنستراکشن وەک تیۆر، یاخود میتۆدێک چوارچێوەی بۆ دیاریکرابایە، بەڵام ژاک دریدا لێزانانە خۆی لەو جۆرە (ئاپۆریا)یانە ڕزگارکردووە، بۆیەش دەڵێت: دیکۆنستراکشن نە شیکردنەوەیە، نە میتۆدە، نە ڕەخنەیە، چونکە ئەگەر دیکۆنستراکشن هەر یەکێک لەمانە بێت، دەبوو دیکۆنستراکشن پێناسەیەکی هەبوایە.

کاتێک پرۆژەی دیکۆنستراکشن لای ژاک دریدا هەموو شتێک و هیچ شتێکە، بۆ ئەوەیە پرۆژەکەی لە هەموو بانگەشەیەکی بە میتۆد وێناکردنی هاوشێوەی بونیادگەری ڕزگاربێت، هەروەها لەپێناو پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو دەنگانەشە، کە پرۆژەی دیکۆنستراکشن بەرەو چەقبەستوویی و میتۆدبوون دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژاک دریدا ئەوەش ناشارێتەوە کە "لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاوێتەیی و تێکەڵاوبوونێک دروستبوو لە نێوان بابەتی دیکۆنستراکشن و پۆست بونیادگەریدا Post-Structuralismدا"(دریدا،٢٠١٣: ٢٢)، چونکە ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، پێیانوایە هیچ دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژی لە نێوان بونیادگەری و دیکۆنستراکشندا نییە، بەڵام ژاک دریدا ئاماژە بەوە دەکات، لە سەرەتادا پرۆژەی دیکۆنستراکشن وەک تەواوکاری (Supplementarity) بونیادگەری سەیر دەکرا، هەر ئەو هەڵە تێگەیشتنەش زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی لە ئەمریکا لە بری زاراوەی دیکۆنستراکشن زاراوەی "پۆست بونیادگەری" بەکاربهێنرێت، چونکە پێیانوایە دیکۆنستراکشن بریتییە لە میتۆدێکی ڕەخنەیی، کە لە ڕووی زەمەنەوە کەوتۆتە دوای بونیادگەرییەوە، بۆیەش ناویان ناوە (پاش-بونیادگەری)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین "ئەو کاتە دیکۆنستراکشن بزوتنەوەیەکی بونیادگەریانە بوو، یا بە هەر حاڵ بزوتنەوەیەک بوو دەیویست ڕۆڵێکی دیاریکراو ببینێت لەناو ئیشکالیەتی بونیادگەریدا"(دریدا،٢٠١٣: ٢٢)، ژاک دریدا پێیوایە ئەو کاتەی

دیکۆنستراکشن وەک بزوتنەوەیەک، یاخود پاشکۆ و تەواوکاری بونیادگەری Structuralism سەیردەکرا، بەهۆی ئەوە بوو، کە دیکۆنستراکشن لەناو کەموکوڕییەکانی بونیادگەری لەدایکببوو، کەچی پرۆژەی دیکۆنستراکشن لە یەک کاتدا توانی دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژی لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی دروستبکات، بەڵام تێگەیشتن لەو دابڕانە ئەپستمۆلۆژییەی ژاک دریدا، پەیوەستە بە تێگەیشتن لە قۆناغی پێش ئەو دابڕانە ئەپستمۆلۆژییە، تەنانەت ئێستاش کاتێک ئێمە و هەر کەسێکی تر دەیەوێت لێتوێژینەوە، یاخود تێگەیشتن لەبارەی دیکۆنستراکشن بەرهەمبهێنێت، پێوستە لەسەر توێژەر بە وردی هۆشیاریی لەبارەی ئەو فەلسەفەیە هەبێت، کە ڕەخنەی بونیادگەری لەسەری دامەزراوە(سجادی،٢٠٠١: ٨٢)، چونکی بەبێ تێگەیشتن لە ڕەخنەی بونیادگەری ناتوانین لە پرۆژەی دیکۆنستراکشن تێبگەین. ئەم هەوڵەی ژاک دریدا جۆرێکی ترە لە کۆکردنەوەی سەنتەر و پەراوێز، چونکە هیچ کات "خود Self" ناتوانێت بەبێ "ئەوی ترThe Other " پێناسەی بوونی خۆی بکات، بە هەمان شێوەشەوە زاراوەی دیکۆنستراکشن، ناتوانرێت پێناسە بکرێت، بەبێ نائامادەیی بونیادگەری، بۆیەش لەسەر ئەو توێژەرانەی کار بە ستراتیژیەتی دیکۆنستراکشن دەکەن، پێوستە بە قەد شارەزاییان لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی دیکۆنستراکشن، دەبێت ئاگاییان لەبارەی ڕەخنەی بونیادگەریش هەبێت، چونکە بەشێک لە بەها و تێگەیشتن و چۆنیەتیی کارکردنی پرۆژەی دیکۆنستراکشن وەستاوە بە تێگەیشتن لە بونیادگەرییەوە، بۆ نموونە ژاک دریدا لە دروستکردنی زاراوەی "دیکۆنستراکسیۆن Dêconstruction"دا پارێزگاریی لە مانەوەی زاراوەی "ستراکت Sturct"ـی بونیادگەری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژاک دریدا باس لەوە دەکات، کە ناسنامەی دیکۆنستراکشن لە ئەنجامی "لێکردنەوەی بونیادەکان و دیکۆنستراکشن و داماڵینیان لە پاشماوەکان" (دریدا، ٢٠١٣: ٢٣) لە بونیادگەری جیادەکرێتەوە، کەوایە دیکۆنستراکشن سروشتێکی دوانەی بەرانبەری لەگەڵ بونیادگەری هەیە،

لەو دوانە بەرانبەرییەشدا بەهای هەر یەکێکیان لەسەر بەهای ئەوەی تر وەستاوە، کەوایە بەهای دیکۆنستراکشن لەسەر بەها ئەوی تر وەستاوە، کە بونیادگەرییە.

پرۆژەی دیکۆسنتراکشن وەک ئەوەی ژاک دریدا ڕاڤەی کردووە تیۆر، یاخود ڕەخنە نییە، هەروەها ژاک دریدا لەبارەی میتۆدیشەوە Method دەڵێت: "دیکۆنستراکسیۆن میتۆد نییە و نابێت بکرێتە میتۆدیش"(دریدا، ٢٠١٣: ٢٤)، چونکە میتۆد لە باوترین پێناسیەدا "بریتییە لە ستراتیژیی و پرۆسەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی پلانی توێژینەوە، وەکو نموونەدانان، کۆکردنەوەی داتاکان، شیکردنەوەی داتا و تەفسیری دەرئەنجامەکان"(محەمەدپوور،٢٠١٣: ٢٥٠)، یاخود "میتۆد لە بنچینەدا کۆمەڵێک هەنگاوە، کە ڕەخنەگر دەیگرێتەبەر بە مەبەستی بەدیارخستنی مانای قووڵ و شاراوەی دەق و پاشان ڕاڤەکردنیشی"(ڕەشید، ٢٠١٨: ١٠). ئەگەر میتۆد بەو شێوەیە بێت، کە کۆمەڵێک ڕێکاری کۆنکرێتی بێت، و توێژەر بیگرێتەبەر بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی دەستکەوێت، ئەوا دیکۆنستراکشن لەگەڵ ئەنجامگیریی کۆنکرێتی نییە، بۆیە دیکۆنستراکشن خۆی لە میتۆدبوون دوور دەخاتەوە، تاوەکو بە پێچەوانەی میتۆد بە شێوەیەکی بەردەوام لە ناجێگری و گۆڕانی هەمیشەییدا بمێنێتەوە. هەروەها دیکۆنستراکشن پێچەوانەی میتۆد کاردەکات، چونکە دیکۆنستراکش وەک میتۆد هیچ شتێک و کەرستەیەکی ئامادەکراو بە ڕەخنەگر نادات، بۆ ئەوەی ڕەخنەگر بەهۆی ئەمانەوە دەق شیبکاتەوە، بۆیە ئەگەر میتۆد دەیەوێت بە بنەما و کەرەستەی پێشتر ئامادەکراو، ڕووبەڕووی دەق ببێتەوە، بۆئەوەی بە واتای هەمیشەیی دەق بگات، ئەوا دیکۆنستراکشن بە کەرستەی نائامادەکراو، کار بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکانی دەق دەکات، بە مانایەکی تر ئەگەر میتۆد جلێکی پێشوەختەی ئامادەکراو بێت، توێژەر بیەوێت بەبەر هەموو دەقەکانیدا بکات، ئەوا دیکۆنستراکشن لە دەقەکاندا پێوەرەکان دەدۆزێتەوە. ژاک

دریدا دەیەوێت لە ڕێگەی دوانە لێکدژەکانەوە نیشانیبدات، کە دەق بە شێوەیەکی سروشتی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە. هەروەها ژاک دریدا هۆشیاری بە توێژەران دەدات، کە نابێت دیکۆنستراکشن وەک میتۆد سەیر بکرن، چونکە هەموو میتۆدێک عاشقی ئەنجامگیرییێکی کۆنکرێتییە، کەوایە لە بنەڕەتدا میتۆد کار بە سنوورەکانی لۆژیک دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو میتۆدێک بە دوای گەیشتنە بە بونیادێکی نەگۆڕ، لەبەر ئەمەشە ژاک دریدا دژیایەتیی هەموو دەنگێک دەکات، کە باوەڕی بە بونیاد هەیە، چونکە بۆ ژاک دریدا هەموو بونیادەکان لە لۆگۆسەوە سەرچاوەیان گرتووە، کەوایە میتۆد ڕێگایەکی ترە بۆ گەیشتنەوە بە ئەنجامیگیرییێکی لۆگۆسی، یاخود مێتافیزیکی، هەر لەبەر ئەمانەیە ژاک دریدا پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لە  بە میتۆدبوون بە دوور دەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی دیکۆنستراکشن هیچ مەدلولێکی ترانسێندێنتاڵی نییە، چونکە ژاک دریدا باوەڕی وایە زاراوەکان لەناو تێکستدا و لە ئەنجامی دالەکانی تر واتا وەردەگرێت.

بە شێوەیەکی پوخت دیکۆنستراکشن، یاخود دیکۆنستراکسیۆن لە لایەنی زاراوەیی و دەلالەتییەوە مانایەکی دیاریکراوی نییە، وەک ژاک دریدا وتەنی تەنیا دەتوانین زاراوەکانی تر ڕاڤەبکەین، تاوەکو بتوانین لە دیکۆنستراکشن بگەین(تسکام، ٢٠٠٤: ٥٨). دیکۆنستراکشن لە ڕووی زاراوەوە گرێدراوە بە چەندین پێشمەرجەوە، هەروەها لە ڕووی دەلالەتیشەوە دیکۆنستراکشن فرە دەلالەت و ئاڵۆز و سەرلێشێوێنەرە، بۆیەش ناتوانین، دیکۆنستراکشن وەکو یەک زاراوەی کۆنکرێتی خاوەن یەک مەدلول مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە دیکۆنستراکشن پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆری زاراوە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە ناتوانین پێناسەی زاراوەی دیکۆنستراکشن بکەین، چونکە دیکۆنستراکشن بریتیی نییە لە دالێک، بەڵکو بریتییە لە زنجیرەیەک مەدلولی بێکۆتایی. هەروەها لە لایەنی وەرگێران و گواستنەوە و وەرگێڕانی زاراوەی دیکۆنستراکشن بۆ ناو

فەرهەنگی کوردی، نەتوانراوە مامەڵەیەکی وردی زمانی لەگەڵ زاراوەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن بکرێت، چونکە لە فەلسەفەی گادامیر، مارتین هایدیگەر، ژاک دریدا و نیچەدا مامەڵەیەکی جیاوازتر لەگەڵ زمان کراوە، بۆ نموونە لە ستراتیژیەتی ژاک دریدادا دەگوترێت ئێمە لە ڕێگەی زمان چ زمانی گوتراو، چ زمانی نووسراو قسە ناکەین، بەڵکو زمان لە ڕێگەی ئێمەوە قسە دەکات، بە واتایەکی تر زمان بوونی ئێمە کەشفدەکات(توفیق،٢٠١٧: ١٥٨)، ئەو زمانەی لای ژاک دریدا هەیە، نزیکە لەو زمانەی کە لای مارتین هایدیگەر هەیە، لە ڕاستیدا هەڵوێستی هەریەک لە مارتین هایدیگەر و ژاک دریدا لەبارەی زمانەوە، تەجاوزکردنی تێگەیشتنی بونیادگەرەکان (Stucuralists) و تەقلیدییەکانە (Conventionalists)، چونکە ئەم دوو دەستەیە، وشەی گوتراو و وشەی نووسراو یەک ئاماژە بۆ دال دەکات، بەڵام بۆ ژاک دریدا و هایدیگەر، وشەی گوتراو تەنیا یەک ئاماژەی نییە، بەڵکو سروشتێکی میتافۆڕی هەیە، بۆ نموونە لای ژاک دریدا دیکۆنستراکشن سروشتێکی فرە مەدلولی هەیە، تێگەیشتن لەو فرە مەدلولانەش بۆ ژاک دریدا، دەبێت لە دەرەوەی لۆژیک و میتۆددا بۆی بگەڕێین، چونکە ئەو یارییە زمانەییەی لای ژاک دریدا هەیە کەوتۆتە سەرووی ئەو تێگەیشتنە تەقلیدیانەی کە بۆ زمان هەیە، کەچی ئەو زاراوانەی لە زمانی کوردیدا بۆ شوێنگرەوەی زاراوەی دیکۆنستراکشن دەستنیشانکراون نەیانتوانیوە گوزارشت لە ویستی دریدا بکەن، کە ژاک دریدا لە زاراوەکانیدا بەرجەستەیکردووون.

## ٢. لۆگۆسەنتەریزم- Logocentrism

زاراوەی لۆگۆسەنتەریزم لە ڕووی پێکهاتەوە لە (لۆگۆس + سەنتەریزم Logo+ centrism) پێکهاتووە. پاشگری سەنتەر-Center، یاخود ناوەند، یانیش چەق پاشگرێکە لکاوە بە زاراوەی "لۆگۆس"ەوە، ئەم چەمکە لە ڕووی دەلالەتییەوە دەلالەت لە کۆکردنەوەی زۆرترین تواناکان

دەکات لەو شتەی کە پێوەی دەلکێندرێت، بۆ نموونە زۆرجار ئەو دروشمە لە لای بەشێک لە سەرۆکی زانکۆکانی کوردستان دەوترێتەوە، دەوترێت (لە پرۆسەی فێرکردندا، قوتابی لای ئێمە سەنتەرە)، ئەم ڕستە بەو مانایە دێت، کە ئامانجی یەکەمی زانکۆ بریتییە لە پێگەیاندنی قوتابی!، یاخود زۆرجار گوێمان لێدەبێت دەگوترێت (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چین سەنتەری بازرگانییە). بە شێوەیەکی ڕوون و کورت سەنتەر-Center بریتییە لە کۆبونەوەی زۆرترین دەسەڵاتەکانی وەک سیاسی، ئابووری، ئیداری، ئاینی و زانستی لەو شتەدا. لە ڕووی مێژووییەوە فەلسەفە و فیکری سەنتەر، یاخود مەرکەزیەت ڕیشەکەی بۆ فەلسەفە و فیکری یۆنانی دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوونیدا ئەو جۆرە فەلسەفەیە بە جۆرێک گەشە و نمای بەخۆیەوە بینیوە، تا وایلێهات سەنتەریزم لە هەموو بوارەکان بوو بە سیستەمێکی گشتی. هەروەها لە سەردەمی هیگڵدا فەلسەفەی سەنتەریزم گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی.

بۆ نیشاندانی دەلالەتەکانی زاراوەی لۆگۆس، پێوستیمان بە گەڕانەوە و خوێندنەوەیەکی جینالۆجی بۆ زاراوەکە هەیە. یەکەم دەرکەوتنی زاراوەی لۆگۆس لە ڕووی مێژووییەوە بۆ سەرەتای فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی لۆگۆس بۆ فەلسەفەی هیراکلێتۆس دەگەڕێتەوە، چونکە هیراکلێتۆس وەکو یەکەم کەس دەستنیشاندەکرێت، کە زاراوەی لۆگۆسی بەکارهێنابێت(سیرت، ١٣٨٦: ٢١٠). زاراوەی لۆگۆس لە مێژووی فەلسەفەدا، زۆری لەبارەوە نووسراوە، هەروەها زۆریشی لەبارەوە گوتراوە، یەکەم جاریش لەو (سەد و سی و حەوت) فراگمێنتەی هیراکلێتۆس دۆزراوەتەوە، کە لە دوای خۆی بەجێیهێشتوون:

١- لەگەڵ ئەوەی ئەم وشەیە-لۆگۆس ئەزەلییە، بەڵام خەڵک ناتوانن لە کاتی بیستندا لێی تێبگەن، وەک ئەوەی بۆ یەکەم جار بیبیستن.

٢- ژیرانە ئەوەیە گوێ بۆ من نەگری، بەڵکو گوێ بۆ لۆگۆس (وشە) بگریت، هەروەها حەکیمانەیە ئەگەر بڵێین هەموو شتەکان یەکن.

٣- لۆگۆس- بیر و حەقیقەت- هاوبەشە بۆ هەموویان، بە مایەکی تر بە سروشت هەموو کەس کە لەدایکدەبێت، لۆگۆسی هەیە.

٤- پێویستە مرۆڤ بە دوای ئەوە بکەوێت، کە هاوبەشە و هەموومان هەمانە. (ئەلنەشار، ٢٠١٨، ١٥١)

لەو سەرچاوانەی کە لە زمانی یۆنانی زوودا، کە لە بارەی مێژووی زاراوەی لۆگۆسەوە نووسراون، ئاماژە بەوە دەدەن، کە زاراوەی لۆگۆس کۆمەڵێک دەلالەتی هەیە وەکو دەلالەتی "ئاخاوتن"، "قسە"، "وشە"، "وتن"، "ڕوونکردنەوە"، "بەڵگەکاری"(سیویلی، ٢٠١٢: ١٤٧). لۆگۆس لای هیراکلێتۆس دەنگە-Phone، هەر بۆیەش هیراکلێتۆس دەڵێت: "ئەو کاتەی گوێ لە لۆگۆس دەگریت، نەک من، لۆگۆس هێندە ژیرە، کە قبوڵی بکات، هەموو شتێ هەر یەکە"(سیویلی، ٢٠١٢: ١٥٠)، لۆگۆس یەکە، یەکبوونی لۆگۆس لای هیراکلێتۆس پەیوەستکراوە بە"خودا"وە، یەکبوونی لۆگۆس لای هیراکلێتۆس لەپێناو بەرجەستەکردنی لۆگۆسە وەکو خودا، چونکە هیراکلێتۆس پێیوایە ئەوە هەر لۆگۆسە قانوونی بۆ هەموو شتەکانی ئەم دنیایە جێگیرکردووە، چونکە لۆگۆس (خودا) لەناو هەموو شتەکانی ئەم دنیایەدا بوونی خۆی جێگیرکردووە. بە دیدی هیراکلێتۆس هەموو شتەکانی ئەو بوونەی، کە ئێمە لەناویداین، بە لۆگۆسەوە پەیوەستکراون، هەروەها عەقڵی مرۆڤ بۆ هیراکلێتۆس دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی ئەو لۆگۆسە، بەو مانایەی عەقڵی مرۆڤ کۆی لۆگۆس نییە، بەڵکو بەشێک لە لۆگۆس لە عەقڵی مرۆڤەکاندا بوونی

بەرجەستەکردووە(کاپلستون،١٣٩٦: ٥٥). ئەگەر لەو سەد و سی و حەوت فراگمێنتەی هیراکلێتۆس وردبینەوە، هەست بەوە دەکەین، کە زاراوەی لۆگۆس لای هیراکلێتۆس بە چەندین مەدلولی جیاواز بەکارهاتووە، هەندێک جار زاراوەکە بەمانای "وشە" بەکارهاتووە، هەندیک جار بە مانای "بیر" یاخود "حەقیقەت" بەکارهاتووە. مێژوونوسانی فەلسەفە لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بە هەموو ماناکانی زاراوەی لۆگۆس کردووە، بۆ نموونە زاراوەی لۆگۆس (برنت) و (بیجەر) بە "وشە" وەریانگێڕاوە، (فریمان) بە "یاسا-Law " وەریگێڕاوە، هەروەها (کۆرنفۆرد) وەک خۆی بەکاریهێناوەتەوە، لای (مارتن هایدیگەر)یش لۆگۆس بە مانای "گوتن" بەکارهاتووە. هەندێکجار لۆگۆس و شوناس یەک دەلالەتیان هەیە(مستەفا، ٢٠١٧: ١١٣-١١٤)، بەڵام لە بەرگی یەکەمی کتێبی "مێژووی فەلسەفەی راتلیج: لە سەرەتاوە تاکو ئەفلاتوون"، لەو بەشەی کە بۆ زاراوەی لۆگۆس لای هیراکلێتۆس تەرخانکراوە، نوسەر (دە) مەدلولی بۆ زاراوەی لۆگۆس لای هیراکلێتۆس دیاریکردووە، وەک مەدلولەکانی ("وتە"، "گوتاری عەقلانی"، "ڕستە"، "وشە"، "بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکی"، " گوزارە"، "نەزم"، "ژماردن"، "پێناسە" و "لێکدانەوە" (تایلۆر، ٢٠١٨: ١٦٤).

### ٣. دیفرانسDifferance

وەک چۆن لە باسی ڕاڤەکردنی زاراوەی دیکۆنستراکشندا ئاماژەمان بەوە کرد، کە بەشێکی تێگەیشتن لە زاراوەی دیکۆنستراکشن پەیوەستە بە تێگەیشتن لە زاراوەی بونیادگەرییەوە - Structuralism، هەروەها لێرەشدا ئاماژە بەوە دەکەین، بەبێ تێگەیشتن لە زاراوەی دیفرانس- Differance، ناتوانین لە پڕۆژەی دیکۆنستراکشن - Deconstruction تێبگەین، چونکە بەشێکی تێگەیشتن لە پڕۆژەی دیکۆنستراکشن پەیوەستە بە تێگەیشتن لە زاراوەی دیفرانسەوە (برێسلەر،٢٠٠٢: ٥٨). هەروەها بۆ تێگەیشتن لە زاراوەی دیفرانس پێویست دەکات، زاراوەکە لە لایەنی

دەلالەتییەوە ڕاڤەبکەین. هەروەها بەشێکی تێگەیشتن لە زاراوەی دیفرانس، پەیوەستە بە ڕاڤەکردنی نیشانەناسیی-Simology فردیناند دی سۆسێر، چونکە ژاک دریدا لە کاتی بونیادنانی زاراوەی دیفرانسدا سوودی لە چەمکی (جیاوازی–(difference)ی دی سۆسێر وەرگرتووە. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی جیاوازی-(الاختلاف-difference) لەناو نیشانەناسیی دی سۆسێردا پێویست دەکات هەر یەک لە چەمکەکانی "دال Signifier" و "مەدلول Signified و "دەلالەت Signification "ی ناو نیشانەناسی دی سۆسێر ڕاڤەبکەین، چونکە چەمکی جیاوازی-(دیفرنس) کەوتۆتە چواچێوەی بابەتەکانی سیمۆلۆژیاوە، کەوایە بۆ تێگەیشتن لە زاراوەی دیفرانس لەناو پڕۆژەی ژاک دریدادا، پێویستیمان بە تێگەیشتن لە زاراوەی دیفرنس-ی (جیاوازی) ناو وانە زمانەوانییەکانی دی سۆسێر هەیە، لەبەرئەوەی چەمکی جیاوازی (الاختلاف-دیفرنس)ی دی سۆسێر لەناو زاراوەی دیفرانسی ژاک دریدادا ئامادەییەکی واتایی و دەنگی هەیە (کنار، ١٣٩٨: ٧١). ژاک دریدا توانیویەتی لە زاراوەی دیفرانسدا " دوانەی بەرانبەری- binary opposition" "ئامادە" و "نائامادە" پێکەوە کۆبکاتەوە، لەبەر ئەمەشە هەمیشە دەگوترێت بەبێ تێگەیشتن لە نیشانەناسیی دی سۆسێر، ناتوانین لە زاراوەی دیفرانس تێبگەین، چونکە نیشانەناسیی ژاک دریدا سروشتێکی دوانەی بەرانبەری لەگەڵ نیشانەناسیی دی سۆسێر هەیە.

ناسینی زاراوەی دیفرانس لە ڕووی ڕیشەناسییەوە، پێویستی بە گەڕانەوە بۆ زمانی لاتینی هەیە، چونکە ژاک دریدا لە کاتی دروستکردنی زاراوەی دیفرانسدا، سوودی لە دوو فرمانی زمانی لاتینی وەرگرتووە، تاوەکو بتوانێت زاراوەی دیفرانس-ی پێدروست بکات، دوو زاراوەکەش بریتینە لە فرمانی (differ)، کە بە مانای (جیاوازی) دێت، لەگەڵ فرمانی (defer)، کە بە مانای (دواخستن) دێت، ژاک دریدا لە ئەنجامی لێکدانی ئەم دوو فرمانەدا، توانیویەتی زاراوەی "دیفرانسdifferance"

دروستبکات، کەوایە لە گرافیکی زاراوەی دیفرانسدا، گرافیکی زاراوەکانی "جیاوازی difference-"و "دواخستنdifferance-" کۆکراونەتەوە، لەبەرئەمەیە دەگوترێت زاراوەی دیفرانس لەڕووی دەلالەتییەوە تەنیا یەک زاراوە نییە، یاخود دیفرانس یەکسان نییە بە مانای جیاوازی- دواخستن، چونکە لای ژاک دریدا دواخستن و جیاوازی چەمک نین، بۆیەش هیچ یەکێکیان مەدلولیان نییە، هەر بۆیەش ژاک دریدا دەڵێت: دیفرانس نە وشەیە نە چەمکە، هەروەها ناتوانرێت واتا و مەدلولی بۆ دیارییبکرێت، دەکرێت بڵێین واتا و مەدلولی هەر بۆ دیاریناکرێت، چونکە زاراوەی دیفرانس پێکنەهاتووە لە دالێک، کە مەدلولێک، یاخود دوو مەدلولی هەبێت، بەڵکو دیفرانس پێکهاتووە لە زنجیرەیەک دالی بێ کۆتایی (محمد،٢٠١٣: ٣٦). ئەگەر زاراوەی دیفرانس یەک زاراوە نەبێت، چەندین زاراوە بێت، ئایا دەکرێت زاراوەی دیفرانس بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕین و مەدلولێکی بۆ دەستنیشانبکەین؟ ئایا بەکارهێنانی مەدلولی "جیاوازی- الاختلاف" بۆ شوێنگرەوەی دالی دیفرانس کارێکی دروستە؟

زاراوەی دیفرانس—ی ژاک دریدا پەیوەندییەکی گرافیکیی بەهێزی لەگەڵ زاراوەی دیفرنس-ی دی سۆسێر هەیە، بۆیە کاتێک لە زمانی کوردیدا زاراوەیەک بۆ چەمکی (دیفرنس-difference)ی دی سۆسێر دیاریدەکرێت، ناکرێت هەمان زاراوە بۆ زاراوەی دیفرانس-ی ژاک دریداش بەکاربهێنرێت، چونکە دیفرانس-ی ژاک دریدا دالێکی بێ مەدلولە، بەڵام دیفرنس-ی دی سۆسێر دالێکە مەدلولێکی باڵای هەیە، کەوایە زاراوەکانی دیفرانس و دیفرنس لە ڕووی دەلالەتییەوە ماناکانیان تەواو لەیەکتر جیاوازە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین لەناو زاراوەی دیفرانسدا هەر یەک لە دەنگ-phone و مەدلولی دیفرنس (جیاوازی-الاختلاف) بوونیان بەرجەستەکراوە، چونکە ژاک دریدا لەناو گرافیکی زاراوەی "دیفرانسdifferance -"دا پارێزگاری لە هێشتنەوەی گرافیکی زاراوەی "دیفرنس-difference" و مەدلولی جیاوازی (دیفرنس) کردووە، چونکە

ئەو مەدلولە باڵایەی، کە دی سۆسێر بۆ زاراوەی دیفرنس-ی دەستنیشانکردووە، لەناو ماناکانی زاراوەی دیفرانسدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، کەوایە لە زاراوەی دیفرانس-ی ژاک دریدادا، هەریەک لە مەدلولی زاراوەی دیفرنس و دەنگPhone - زاراوەی دیفرنس ئامادەییان هەیە، کەوایە جیاوازیی نێوان زاراوەی "دیفرانس-differance" و زاراوەی "دیفرنس-difference "تەنیا لە ڕووی گرافیکە، نەوەک لە ڕووی دەنگەوە، چونکە هەردوو زاراوەکە لە کاتی خوێندنەوەدا، هاوشێوەی یەکتر گۆ دەکرێن، کە بریتییە لە (د-ی-ف-ر-ن-س)، کەچی لە زاراوەی دیفرانسدا یەک گرافیم توانیویەتی جیاوازیی واتایی لە نێوان زاراوەی "differAnce" و "differEnce"دا دروستبکات، ئەو گرافیمەش بریتییە لە گرافیمی (a)، کە ژاک دریدا لە زاراوەی "دیفرانسDifferance " توانیویەتی بەرجەستەی بکات، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی هەردوو زاراوەکەدا ئەو جیاوازییە لە نێوان زاراوەکانی دیفرانس و دیفرنس-دا دەرناکەوێت (گلندینینگ، ١٣٩٨: ٧٦)، بەڵکو تەنیا لە کاتی نووسیندا هەست بە جیاوازیی دیفرانس و دیفرنس دەکرێت. ژاک دریدا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە گرافیکییەوە توانیویەتی زاراوەی دیفرانس لە زاراوەی دیفرنس جیابکاتەوە، هەروەها ژاک دریدا لە ڕێگەی میکانیزمی بەسەنتەرکردنی گرافیک توانیویەتی واتای زاراوەی دیفرانس لە واتای زاراوەی دیفرنس جیابکاتەوە، کەوایە هەردوو زاراوەکە لە ڕووی دەلالەتیشەوە یەک دەلالەتیان نییە، بەڵکو دوو واتای جیاوازیان هەیە. وێکنەچوون و جیاوازیی واتایی لە نێوان زاراوەی دیفرانس و دیفرنس-دا، پەیوەست بە ئاستی دەنگی-Phone زاراوەکان نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ئاستی گرافیکی (فۆڕمی نووسین)ی هەردوو زاراوەکە هەیە، کەوایە گرافیمی(A) لە زاراوەی (differAnce) توانیویەتی جیاوازیی واتایی لە نێوان زاراوەی دیفرانس و دیفرنس-دا دروستبکات، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە هەردوو زاراوەکە لە کاتی خوێندنەوەیاندا یەک شێوە گۆکردنیان هەیە. جیاوازیی واتایی نێوان هەردوو زاراوەی دیفرانس و

زاراوەی دیفرنس، تەنیا لە ئاستی فۆڕمیدا (مادديات، گرافیک، فۆڕمی نووسین) دەردەکەوێت، نەوەک لە ئاستی دەنگدا (نامادديەت) (ویکس، ١٣٩٧: ٢٩٨)، لە پڕۆژەی دیکۆنستراکشندا ئەوەی جیاوازیی واتایی دروستدەکات "دەنگ-phone" نییە، بەڵکو "نووسین-grapic"ـە، کەوایە لە هزری ژاک دریدادا گرافیک بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە، بەڵام لە سیستەمی زمانەوانی و تیۆری نیشانەناسیی دی سۆسێردا ئەوەی دەبێتە هۆی جیاوازیی واتایی دەنگە (فۆن)، نەوەک نووسین (گرافیک)، چونکە لە سیستەمی زمانەوانیی دی سۆسێردا دەنگ بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە. لە سیستەمی زمانەوانیی دی سۆسێردا ئەوە دەنگە واتا دەگۆڕێت، چونکە گۆڕانی دەنگ دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکان، ئەمەی دی سۆسێر درێژکراوەی فەلسەفەی دەنگ سەنتەرییە (فۆنۆسەنتەریزم)، کەچی ژاک دریدا لە زاراوەی دیفرانسدا نیشانیداوە، کە جیاوازیی واتایی بەهۆی دەنگەوە دروستنابێت، بەڵکو بەهۆی گرافیکەوە (فۆرمی نووسین) دروستدەبێت، چونکە گرافیکی دیفرانس تەنیا بەهۆی جیاوازبوونی یەک گرافیم لەگەڵ گرافیکی دیفرنسدا، کە گرافیمی (a) بۆتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی واتایی لە نێوانیاندا، هەر لەبەر ئەمەشە ژاک دریدا پێیوایە بچووکترین یەکەی واتاداری زمان دەنگ نییە، بەڵکو بچووکترین یەکەی واتادار لای ژاک دریدا گرافە (پیت)، چونکە ئەمەی جیاوازیی واتایی دروست دەکات، گرافیکە-grapic، نەوەک دەنگ- Phone(کناری، ١٣٩٨: ٦٦). بەسەنتەرکردنی گرافیک لە پڕۆژەی دیکۆنستراکشندا ئاماژەیە بۆ بێسەنتەریی، چونکە گرافیک سەنتەرێکی بێپەراوێزە.

هیچ یەکێک لە چەمکەکانی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لە لایەنی واتاییەوە یەک مەدلولی ترانسێندێنتاڵی نییە، بۆیە وەختێک دەگوترێت دیفرانس، یاخود دیکۆنستراکشن نە زاراوەیە، نە وشەیە، نە چەمکە، لەبەرئەوەیە ژاک دریدا باوەڕی بە مەدلولی باڵا نییە. هەروەها ئەو بێ مەدلولییەی ژاک دریدا بانگەشەی بۆ دەکات، بە شێوەی کردەیی

توانیویەتی لە چەمکەکانی لە پڕۆژەکەی خۆیدا بەرجەستەیان بکات (رویل، ١٣٨٨: ١١٨)، کەوایە دیفرانس هەموو شتێک و هیچ شتێکیشە، چونکە دالی (جیاوازی-الاختلاف) لە نیشانەناسیی ژاک دریدا، هیچ مەدلولێکی نییە و هەموو واتایەکیش دەگرێتەوە، کەوایە هیچ مەدلولێکی باڵا ناتوانێت گوزارشت لە زاراوەی دیفرانس بکات، چونکە دیفرانس زاراوەیەک نییە (گلندینینگ، ١٣٩٨: ٧٥).

## ٤. دەنـــگ سەنتەری و گرافیک سەنتەری (Graphocentrism-Phonocentrism)

یەکێکی تر لەو دوالیزمانەی کە لە فەلسەفەی میتافیزیکدا دامەزرێندراوە، بریتییە لە دوالیزمی دەنگ سەنتەری و نووسین پەراوێزی، چونکە فەیلەسووفانی ئەم فەلسەفەیە پێیانوایە دەنگ زیاتر لە نووسین لە حەقیقەتەوە نزیکە، ئەمەش لەبەرئەوەیە دەنگ سروشتێکی نامادی و نەگۆڕی هەیە، هەر شتێکیش نەگۆڕ و جێگیر بێت لە فەلسەفەی مێتافیزیکدا بەرز و پەسەندە، بەڵام نووسین بە لای ئەمانەوە هیچ گرینگێکی نییە، چونکە نووسین هەمیشە سروشتێکی نائامادە و گۆڕاوی هەیە، بۆیەش ئەمان لە نێوان دوانەی (قسە/ نووسین)دا هەمیشە دەنگ بە ئەسڵ و ڕەسەنتر لە نووسین دادەنێن، لەسەر هەمان بنەماشە کە ئامادەیی خود دەدەنە پاڵ دەنگەوە، چونکە پێیانوایە خود لە دەنگەوە سەرچاوە دەگرێت (دریدا، ١٣٩٦: ٣٦). لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و شوێنکەوتووانی فەلسەفەی مێتافیزیکدا نووسین بە شتێکی نزم و کەم لەقەڵەمدەدرێت (برێسلەر، ٢٠٠٢: ٥٥)، بەڵام دەنگ-Phone هەمیشە بە چاوێکی پیرۆز سەیردەکرێت. لە فەلسەفەی مێتافیزیکیدا دەگوترێت دال وێنەی دەنگی وشەیە، بەڵام مەدلول وێنەی زهنی دالە، بۆیە ئەمان پێیانوایە دال زیاتر لە مەدلول لە حەقیقەتەوە نزیکە، چونکە دەنگ ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوە دەکات، کەچی نووسین بە

شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوە دەکات، بۆیە لە فەلسەفەی مێتافیزیکدا نووسین پاشکۆ و پاشبەندی دەنگە. هەروەها "دی سۆسێر" لەوانە زمانەوانەکانیدا پێیوایە لە سیستەمی نووسینی وێنەیی (ideographic)دا دەنگەکان خودی نووسین نین، بۆیەش دەنگەکان لە هێماکانەوە بەرزترن، کەوایە لە زمانەوانیی دی سۆسێردا نووسین و دەنگ دوو هەبووی سەربەخۆ و جیاوازن. لە فەلسەفەی مێتافیزیکیدا وشەی گوتراو (گوتن-قسە) سروشتێکی بێگەردی و پیرۆزی (موقەددەس) هەیە، کەچی وشەی نووسراو (نووسین) سەرەڕای ئەوەی توانای مانەوەی زیاترە، بەڵام پیس و نەگریسە، چونکە نووسین سروشتێکی گۆڕاوی هەیە. ترسی لایەنگرانی فەلسەفەی مێتافیزیک لە نووسین پەیوەندی بە دوالیزمی جێگیری و ناجێگیری هەیە، چونکە لای ئەمان هەر شتێک جێگیر بێت پیرۆزە، دەنگ یەکێکە لە جێگیرەکان، بەڵام نووسین لە گۆڕاوەکانە، بۆیە نووسین بە لای ئەمانەوە پەسەند نییە (ئیسماعیل، ٢٠٠٠: ٤٧).

لە نیشانەناسیی دی سۆسێردا بەهای نووسین چ نووسینی ئاسایی(پیت)، یاخود نووسینی وێنەیی و لۆگۆگرافیک بێت، لە بەرانبەر گوتە (دەنگ)دا هاوشێوەی بینینی مرۆڤێکە لە وێنەدا، ئایا دیتنی کەسێک لە وێنەدا وەک هاوشێوەی دیتنی ڕاستەوخۆی کەسەکە وایە؟ لە سیستەمی زمانەوانیی دی سۆسێریشدا نووسین هاوشێوەی دیتنی کەسێکە لە وێنەدا، هەرچی دەنگە (گوتە، قسە، ئاخاوتن) هاوشێوەی بینیی ڕاستەوخۆی کەسەکەیە، (سۆسێر، ٢٠١٨: ٧٣)، هەر لەبەرئەوەشە لایەنگرانی ڕەخنەی بونیادگەری بانگەشەیان بۆ دال دەکرد نەوەک مەدلول، چونکە پێیانوابوو دال زیاتر لە مەدلول لە ڕاستییەکان نزیکمان دەکاتەوە.

ڕیشەی مێژووی نووسین پەراوێزی و دەنگسەنتەری بۆ فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، هەروەها دەنگسەنتەری لە فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵدا بە دوا سنووری خۆی دەگات(حەسەن، ٢٠١٠: ٦٧). یەکەم بانگەشە بۆ دەنگسەنتەری و نووسین پەراوێزی بۆ دیالۆگەکانی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون بگەڕینەوە، تاوەکو بزانین ئەفلاتوون چۆن لە پەیوەندیی نێوان دەنگ-Phone و نووسینGraphic -"ی ڕوانیوە. بۆ ئەوەی پێگەی نووسین لە هەمبەر دەنگ لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوونیدا دیاریبکەین، بۆیە دەبێت بۆ گفتوگۆی فیدۆرس-ی ئەفلاتوون بگەڕێنەوە، چونکە ئەفلاتوون لەو گفتوگۆیە تێگەیشتنی خۆی لەبارەی نووسین-grapic- و گوتن-speech دەخاتەڕوو. دیالۆگی فیدۆرس، یاخود فایدرۆس-Phaidros بە یەکێک لە دیالۆگە سۆقراتییەکان هەژمار دەکرێت، چونکە ئەوانەی لەم گفتوگۆیەدا بەشدارییانکردووە هەر یەک لە سۆقرات و فیدرۆسن. سوقرات بەو شێوەیە دەست بە دیالۆگەکە دەکات:

"سۆقرات: باش گوێم لێ بگرە بۆ ئەوەی ئەو داستانەی منیش لە پێشینانەوە بیستوومە بۆتی بگێڕمەوە. خودی ئەوانە ئاگاداری ڕاستیەکانن، بەڵام ئەگەر بمانتوانیبایە ڕاستی یان درۆی ئەمانە ئاشکرا بکەین، ئایا لەو باوەڕەدا بوویت هێشتا لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی کەسانی تردابین؟

فایدرۆس: پرسیارێکی گاڵتەجاڕت لێ کردم، داستانەکەت بگێڕەوە.

سۆقرات: بیستوومە کە لە "ناوکراتیس" یەکێکە لە شارەکانی "میسر" خودایەکی کۆن هەبووە بە ناوی" سوس" و لەوباوەرەدا بوون کە ئەو سەرەتا ژمارە و ژماردن و دوای ئەوە زانستی ژمێریاری و ئەندازە و ئەستیرەناسی و یاری "تاوڵە" و "زارزوری" و پیتی "ئەلف بێ"شی داهێناوە و باڵندەی "لەق لەق" کە لەوێ بە "ئیبیس" بانگی دەکەن پارێزگارییان

لێدەکات. لەو سەردەمانەدا فەرمانڕەوای "میسر" پادشایەک بوو بە ناوی "ساموس"، ئەم پادشایە لە شارێکی "میسر"ی سەروو کە یۆنانییەکان میسریان بە "سبن" و خودای ئەوێیان بە "ئامۆن" بانگ دەکرد، ژیانی خۆی بەسەر دەبرد. ڕۆژێکیان "سوس" دەڕوات بۆ لای "سامۆس" و ئەو هونەرانەی کە دایهێنابوون پیشانی ئەو دەدات و دوای ئەوەی لێکرد پادشا فەرمانی ئەوە بدات ئەم هونەرە فێری خەڵکی بکرێت. "ساموس"یش پرسیاری سوود و قازانجی ئەم هونەرانەی لێ پرسی، کاتێک "سوس" باسی هەموویانی بۆ کرد، "ساموس" هەندێکیانی پەسەندکرد و هەندێکیانی ڕەتکردەوە. بەم شێوەیە گفتوگۆیان لەبارەی دانەدانەی ئەو هونەرە کرد، ئەگەر باسی ئەو هەموو گفتوگۆیە بکەین ئەم داستانە زۆر درێژە دەکێشێت. کاتێک "سوس" گەیشتە باسکردنی هونەری نووسین، وتی: "ئەی پادشا، خەڵکی میسر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هونەرە، داناتر دەبن و توانای یادەوەریان باشتر دەبێت، چونکە من ئەو هونەرەم بۆ هاوکاری توانای یادەوەری داهیناوە. "ساموس"یش وتی: هەی "سوس"ی هونەرمەند، یەکێک لە داهێنانی هونەرەکاندا لێهاتووە و یەکێکیش لە هەڵسەنگاندنی چاک و خراپیان. لەبەرئەوەی تۆ باوکی هونەری نووسینی، ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ نەوەکانت هەتە ناهێڵێت ڕاستییەکان بە چاوی خۆت ببینی، لەبەرئەوە پێچەوانەی ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم هونەر دەیهێنێتە بوون دەخاتەڕوو. ئەم هونەرە ڕوحی مرۆڤەکان بەرەو سستبوون دەبات و دوچاری لەبیرچونەوەیان دەکات، چونکە لەم کاتەدا مرۆڤەکان هەموو هیوایەکیان بە نووسینەکان دەبێت و توانای یادەوەریش پشتگوێ دەخەن و پشت بە پیت و هێمای بێگانەکان دەبەستن و لەوە بێئاگا دەبن کە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ دەروونی خۆیان و هەر زانستێک بێ هیچ هۆکارێکی دەرەکی لە خۆیاندا بدۆزنەوە و لەڕێی یادەوەرییەوە" بەدەستی بهێنن! کەواتە ئەو هونەرەی کە داتهێناوە بۆ بیرە نەک بۆ توانای یادەوەری! لەبەر ئەوە تەنیا دەتوانیت وێنەیەکی زانستییان پێنیشان بدەیت نەک خودی زانست، و خوێندکارەکانیشت لەبەرئەوەی قسەگەلێکی زۆر لە تۆوە

دەبیستن بێئەوەی بە ڕاستی فێری شتێک ببن، واهەست دەکەن بونەتە کەسێکی دانا و لە ئەنجامدا هەم کەسێکی نەزانیان لێ دەردەچێت و هەم لەو باوەڕەدا دەبن کەسێکی دانایان لێ دەرچووە و هەر لەبەر ئەوەش هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە زۆر دژوار دەبیت.

سۆقرات: فایدورس، نووسین هەمان کەموکوریەتیی وێنەکێشانی هەیە، وێنەی مرۆڤێک، وەک بڵێی زیندووە و دەتوانێت قسە بکات و دەتوانێت لەبەردەمانەوە تێپەڕێت، بەڵام ئەگەر پرسیارێکی لێ بکەین هەر بەوشێوەیەی کە بێدەنگە هەر بە بێدەنگی دەمێنێتەوە. نووسینیش بە هەمانش شێوە ئەگەر باش بۆی بڕوانیت بە هەمان شێوەی ئەو وێنەیە، چونکە لە سەرەتای تەماشکردنماندا، وا هەست دەکەین گفتوگۆمان لەگەڵ دەکات و لە شتەکان تێدەگات، بەڵام ئەگەر دەربارەی ئەو شتانە پرسیاری لێ بکەین، هەمان ئەو گوتانەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش کاتێک قسە بنووسرێتەوە دەڕوات بۆ هەموو شوێنێک بگرە دەکەوێتە دەستی کەسانێکەوە کە لێی تێناگەن و هەم ئەو کەسانەش کە لێی تێناگەن و هیچ سەروکارێکیان لەگەڵ ئەو بابەتە نییە. لە کاتێکدا خودی نووسینەکە نازانێت لەگەڵ کێدا قسە بکات و بەرگری لەخۆی بکات، مەگەر ئەوەی باوکی بەهانایەوە بێت...

فایدرۆس: کەواتە ئایا مەبەستت گوتەی زیندووی پیاوێکە کە هەڵگری زانستی و نووسینەکانیش سێبەرینی؟

سوقرات: بەڵێ هەمان ئەو شتەیە."(ئەفلاتوون، ٢٠١١: ١٦٩٢).

لای ئەفلاتوون نووسین لە بەرانبەر گوتن (قسە)دا پلەیەکی زۆر نزمتری هەیە، تەنانەت ئەفلاتوون پێیوایە نووسین هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بیرنەکەنەوە، هەروەها نووسین زەمینە بۆ ئەوە لەبار دەکات، کە مرۆڤەکان خۆیان خاوەنی زانین نەبن، بەڵکو شتەکان بە ئامادەکراوی

وەربگرن، هەر بۆیەش ئەفلاتوون نووسین بە سێبەری گوتن دادەنێت، جگە لەوەش ئەفلاتوون پێیوایە نووسین هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە هەڵە لە شتەکان تێبگەن، چونکە لە کاتی خوێندنەوەی نووسراودا قسەکەر ئامادەیی نییە، تاوەکو خوێنەر پرسیاری لێ بکات، بەڵام لە کاتی گوتندا قسەکەر ئامادەیی هەیە، ئەو ئامادەییەی قسەکەر دەبێتە هۆی ئەوەی گوێگر بە هەڵە لە بابەتەکە نەگات، لەبەر ئەمەشە لای ئەفلاتوون نووسین ناتوانێت هێندەی گوتن جێگەی متمانەپێکردن بێت، چونکە نووسین تەمومژاوی و ناڕوونە، بۆیە ئەو ئیمکانە لە نووسین چاوەڕێدەکرێت، کە ببێتە هۆی ئەوەی لەڕێگەی ئەمەوە بە هەڵە لە حەقیقەت تێبگەین، یاخود بگرە هەر لە حەقیقەت نزیکمان ناکاتەوە، چونکە کاتێک کەسێک قسەمان لەگەڵ دەکات، ئەگەر لەو شتەی کە دەیڵێت تێنەگەین، بۆمان هەیە قسەی پێ ببڕین و پرسیاری لێبکەین، هەروەها ئەگەر بکەوینە شەک و پێمان وا بێت خەریکە درۆمان لەگەڵ دەکات، دەتوانین بە وردی سەیری بکەین و لە ڕێگەی هەندێک نیشانەی ترەوە پەی بە ڕاستییەکان ببەین، بەڵام نووسین ئەو زیندوییەتییەی دەنگی نییە. (بێرتێنز، ٢٠١٥: ٢١٥)

ژان ژاک ڕۆسۆ لە فەلسەفەی خۆیدا درێژە بە فەلسەفی ئایدیالیزم دەدات و دەنووسێت: "زمانەکان بۆ قسەکردن دروستبوون، نووسین تەنیا ڕۆڵی تەواوکەری قسەی-speech هەیە"(ڕۆسۆ، بە وەرگیراوی لە کالەر، ٢٠٢٠: ٣٦)، ئەو شێوە تێگەیشتنەی ڕۆسۆ ڕێک هەمان تێگەیشتنی ئەفلاتوونە، کە بۆ نووسین هەیەتی. ئەفلاتوون لە هەمبەر پێوستیەتیی نووسین بە دەنگ دەڵێت: نووسین "بەردەوام پێوستی بە یارمەتی باوکی هەیە-Tou patros aei deitai boethou، بەتەنیا خۆی، نە تواناى هەیە، نە دەشتوانێت، خۆی بپارێزێت و بمێنێتەوە"(دریدا،٢٠١٥: ٦٢)، هەر بۆیە لای ئەفلاتوون نووسین بەبێ دەنگ هاوشێوەی منداڵێکی بێ باوک وایە. ڕۆسۆ باوەڕی وایە وەکو چۆن منداڵ پێویستیی بە باوکە، بەهەمان شێوەش نووسین هەمیشە پێوستی بە دەنگ هەیە، چونکە حەقیقەت لە

دەنگەوە بۆ نووسین ڕێژەن دەبێت. لە عەقڵانیەتی مێتافیزیکیدا نووسین سروشتێکی مردووئاسای هەیە، هەروەها دەنگیش سروشتێکی زیندووی هەیە، چونکە دەنگ هەمیشە ئامادەیی قسەکەری تێدایە، هەر بۆیەش ئەفلاتوون نووسین بە فارماگۆن. دادەنێت، چونکە دوای ئەوەی سۆقرات داوا لە فیدرۆس دەکات، تاوەکو ئەو دەقەی نیشانبدات، کە لەژێر کراسەکەیدایە، بەڵام فیدرۆس داوا لە سۆقرات دەکات، لەگەڵی بێت بۆ دەرەوەی شار، بۆئەوەی دەقەکەی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام سۆقرات و شوێنکەوتووانی فەلسەفەی مێتافیزیک هەرگیز بۆ فێربوون ڕوویان لە دەرەوەی شار نەدەکرد، چونکە پێیانوابوو دەرەوەی شار زانست و زانینی لێ نییە، بەڵکو زانست و فێربوون تەنیا لە شاردا دەست دەکەوێت، کەچی دەقە نووسراوەکەی لوسیاس کە لەبن عەباکەی فیدۆرس دابوو توانی سۆقرات پەلکێشی دەرەوەی شار بکات، ئەمەش دەرخەری کاریگەریی نووسینە بەسەر هزری سۆقراتدا، بۆیە ژاک دریدا پێیوایە ئەگەر نووسین هێندە کەم و بێ‌بەهایە، چۆن سۆقرات بەدوای فیدۆرس دەکەوت؟ لە کۆتاییی گفتوگۆی نێوانیاندا فیدرۆس لە ئەفلاتوون دەپرسێت: "ئەی چی لە بارەی لۆگۆگرافیا-نووسین دەڵێت؟ لە وێدا سۆقرات ئاماژە بەوە دەکات، کە "هاوڵاتیی بەهێز و خاوەن کەڕامەت، پیاوی ئازاد، هەست بە شەرمەزاری- aiskhumontai دەکەن لە نووسینی گوتاردا، هەست بە شەرمەزاری دەکەن ئەگەر لە دوای خۆیاندا شتی نووسراو- sungrammata جێبێڵن. ئەوانە لە بڕیاری نەوەکانی داهاتوو دەترسێن، نەوەکو بە خەڵکی سوفێست ناویان ببەن (دریدا، ٢٠١٥: ٣٤). ئەفلاتوون لە دەمی سۆقڕات ئاماژە بەوە دەکات، کە پیاوی دانا و حەکیم لە دوای خۆیدا نووسین بەجێناهێڵێت، چونکە نووسین شەرمەزاریی و کەمایەتییە، لەبەرئەوەی هەر کەسێک ئەگەر بنووسێت، وەکو سۆفێستەکانی لێدێت، چونکە ئەو کەسەی نووسین لە دوای خۆیدا جێبهێڵێت، ئەوە خەڵکانی داهاتوو وەکو یەکێک لە سۆفێستەکان هەژماری دەکەن. ترسی ئەفلاتوون

له نووسین ترسه له سۆفیستبوون، چونکه ئەوانەی لەو سەردەمدا دەیاننوسی سۆفیستەکان بوون.

ژاک دریدا خوێندنەوەیەکی جینالۆجی بۆ زاراوەی فارماگۆن لای ئەفلاتوون دەکات، ژاک دریدا لەم خوێندنەوەیەدا دەگات بەوەی کە نووسین لای ئەفلاتوون و سۆقرات بە ڕەهایی کارێکی خراپ نییە، بەڵکو چۆنیەتیی نووسین دەبێتە هۆی ئەوەی حوکمی خراپ و باشی بەسەر بدرێت. سۆقرات پێیوایە " لۆگۆگراف- نووسەری بواری گشتی وتاریان بۆ خەڵک دەنووسی، تاوەکو له بەردەم دادگا و فەرمانگەکانی میریدا بیانخوێننەوە، هەروەها ئەو وتارانەی بۆ خەڵکیان دەنووسی، بۆ خۆیان نەدەنووسی و پەیوەندی بە کەسایەتیی خۆیانەوە نەبووە، چونکە شتێکیان دەنووسی کە خۆیان دەری نابڕن و نایڵێن، بگرە هەرگیز بیریشی لێناکەنەوە کە بیڵێن... بگرە هەرگیز بە ڕاستیش بیر لەوەش ناکاتەوە کە بۆ خۆی بینووسێت، نووسەری وتار دێت وەکو سۆفیستێک خۆی لەناو وتاری نووسراودا جێنشین بکات"(دریدا،٢٠١٥: ٣٥)، کەوایە بەپێی ئەو لێکدانەوەی کە ژاک دریدا لە کتێبی (دەرمانخانەی ئەفلاتوون) بۆ دیالۆگی فیدرۆسی دەکات" دوو جۆر نووسین هەیە، نووسینێکی باش- نووسینێکی خراپ، نووسینی باش و سروشتی دەستوخەتی خوایە لە نێو دڵ و ڕوحدایە، نووسینی خراپ و فاسیدکار، دروستکراوی دەستی جەستەیە. نووسینێک بۆ ڕوح، یەکێکیش بۆ جەستەیە"(ئیسماعیل،٢٠١٠: ٢١٤)، کەچی وەکو ژاک دریدا گوتەنی ئەگەر بە وردی لە دیالۆگی فیدرۆس ڕابمێنین، هەست دەکەین کە سۆقرات بێلایەنیی خۆی لە هەمبەر نووسین و دەنگ نیشاندەدات، چونکە لای سۆقرات " نووسین بۆ خۆی کارێکی ئابڕووبەر و شەرمەزارکەرانە نییە، مایەی سەرشۆڕی- aiskhron نییە، بەڵکو ئەوەی جێگەی سەرشۆڕی و ئابڕووچوونە، ئەوەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئابڕووبەر و سەرشۆڕانە بنووسێت. بەڵام مەبەست لە نووسینی ئابڕووبەرانە چییە؟ وەکو ئەوەی فیدرۆسیش دەپرسێت: ئەدی

نووسینی باش –Kalos چییە، ئەم پرسیارە وێنەی خاڵی سەرەکی و بنچینەیی هەرە گەورە دەکێشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دیالۆگە دابەشبکات لە نێوان ئەم پرسیارە و ئەو وەڵامەی کە لە بەشی کۆتاییدا خۆی نمایش دەکات، زانینی ئەوەی ئەگەر نووسین بە ڕاستی کارێکی شیاوە، یا کارێکی نەشیاوە؟ ئەو مەرجانە چین کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەم کارە شیاو یا ناشیاو بێت؟" (دریدا، ٢٠١٥: ٣٦)، کەوایە نووسین بە شێوەیەکی گشتی نەشیاو نییە، بەڵکو نووسینی بازاڕی و عەریزەنووسی و وتارنووسی بەپارە جۆرێکە لە کاری نەشیاو، دەنا سۆقرات لەو دیالۆگەدا خۆی بێلایەن دەردەخات، هەروەها هەموو جۆرە نووسینێکیش بە خراپ وەسف ناکات. نووسینی باش لای سۆقرات ئەو نووسینەیە کە خاوەنی یەکیەتییێکی یەکگرتوو و سیستەمە، هەروەها نووسەری باشیش خاوەنی نووسینی باشە، بۆ ئەوەی نووسین باش بێت دەبێت نووسەری دەقەکە هەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوە و فێربوونی بڕیبێت، هەروەها نووسەر دەبێت ئەوەی دەینووسێت بەرهەمی بیکردنەوەی خۆی بێت، بەڵام نووسینی خراپ ئەو نووسینەیە کە نووسەرەکەی هیچ لەبارەی ئەوەی نووسیویەتی نازانێت، چونکە ئەوەی دەینووسێت لە ڕوح و بیرکردنەوەی خۆیدا هەڵنەقوڵاوە، وەک چۆن عەریزەنووس بۆ یەکێک عەریزە دەنووسێت بەبێ ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە بێت، بە هەمان شێوەش نووسینی خراپ ئەو نووسینەیە، کە نووسەر قۆناغەکانی بیرکردنەوە و فێربوونی تەی نەکردووە (کناری، ١٣٩٨: ١٣٨)، بۆیەش هیچ لەبارەیەوە نازانێت.

دیکۆنستراکشن لەگەڵ هەموو زانستێک کۆدەبێتەوە، بنەمای کۆبونەوەی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن لەگەڵ هەموو لقە مەعریفییەکان بۆ چەمکی جیاوازی دەگەڕێتەوە، چونکە دیکۆنستراکشن لەسەر بنەمای جیاوازی پەیوەندی لەگەڵ هەموو دەقێک دەبەستێت. پڕۆژەی دیکۆنستراکشن وەک ئاماژەی بۆکرا هیچ بنەمایەک پێشکەش بە توێژەر

ناکات بۆئەوەی توێژەر بەم بنەمایە کار لەسەر دەق بکات، بەڵکو پرۆژەی دیکۆنستراکشن تەنیا مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات، بەڵام مامەڵەی دیکۆنستراکشن لەگەڵ دەق لەسەر بنەما تاکایەتی و جیاوازییە، چونکە لە دیدی ژاک دریدا هەر دەقێک خاوەنی بونیادێکی سەربەخۆیە، بەو هۆیە کە هیچ دەقێکی تر بەم شێوەیە نییە، بۆیە ژاک دریدا بە بنەمای دیاریکراو و یەک جۆر ڕووبەڕووی هەموو دەقەکان نابێتەوە، بەڵکو بە چاوی جیاوازی و سەربەخۆ سەیری هەموو دەقێک دەکات، بۆیەش بنەما پێشکەش بە توێژەر ناکات، بەڵام لە بری بنەمای ئامادە ژاک دریدا ڕوو لە نائامادەیی بنەما دەکات، بۆیە ژاک دریدا پێیوایە هەر دەقێک دەبێت بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە سەربەخۆیی و جیاوازیی تاکایەتی ئەو دەقە دەربخرێت، بۆیەش دریدا پێیوایە دەق پێمان دەڵێت چۆن کاری لەسەر بکەن، ئەمەش پێچەوانەی بنەمای ئامادەکراوی ڕەخنەی سوننەتییە. پرۆژەی دیکۆنستراکشن بە پلەی یەکەم کار لەسەر دوانەی لێکدژییەکانی ناو دەق دەکات، بۆیەش ستراتیژیەتی دیکۆنستراکشن داوا لە توێژەر دەکات هەوڵبدات بۆ"

١- دۆزینەوەی دوانە لێکدژەکان .Binary opposition

٢- باسکردن و پێشنیاردان لەسەر چەمک و بەها و باوەڕەکانی ئەو دیوی دوانە لێکدژەکان.

٣- گۆڕینی جێگەی دوانە لێکدژەکان.

٤- ڕەتکردنەوەی سەرجەم بیروبڕوا گەردوونییەکان و مانای چەمکە لە مێژینەکان سەبارەت بە دوانە لێکدژەکان.

٥- پەسەندکردنی ئەو ڕاستییەی کە دەقێک خاوەن چەند ئاستی جۆراوجۆرە کە بەهۆی هەڵگەڕاندنەوەی تەوەرەی دوانەی لێکدژەکانەوە

وەدی هاتوون" (سجادی، ٢٠٠١: ٨٥)، کەوایە کاری سەرەکیی پڕۆژەی دیکۆنستراکشن خۆخەریککردنە بە دوانەی لێکدژیەکانی ناو دەق، بۆیە یەکێک لەو بەڵگە بەهێزانەی کە ڕێگە بە توێژەری ئەم توێژینەوەیە دەدات، بۆئەوەی بە پڕۆژەی دیکۆنستراکشن کار لەسەر شیعرەکانی مەحوی بکات، بۆ بوونی زۆریی دوانەی لێکدژی (Binary Opposition) لە دەقەکانی مەحویدا دەگەڕێتەوە، چونکە دەقە شیعرییەکانی مەحوی و ئەدەبیاتی عیرفان (شیعر و پەخشان) سەرزەمینی بەریەککەوتنی دوانەی لێکدژیەکانن (دوانەی بەرانبەری). تەنانەت یەکێک لە هونەرە گرنگەکانی ناو زانستی ڕەوانبێژی (البلاغە) لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بریتییە لە بەرانبەری (المقابلە-Opposition)، کەوایە ڕەهەندە هزرییەکەی شیعری عیرفانیی (مەحوی) و پاڵپشت بە ڕەهەندی تەکنیکییەکەی شیعری عیرفانیی (مەحوی)، بەڵگەی ئەوەن کە تێکەڵکردنی عیرفان و پڕۆژەی دیکۆنستراکشن کارێکی شیاوە، چونکە دیکۆنستراکشن سەروکاری لەگەڵ ئەو دەقانە هەیە، کە دوانەی لێکدژی تێدایە، بۆیە دیوانی مەحوی و ئەدەبیاتی عیرفانی سەرزەمینێکی باشن بۆئەوەی بەپێی ستراتیژیەتی دیکۆنستراکشن کاریان لەسەر بکرێت. ئێمە لێرەدا لەسەر بنەمای ئەم چەند دوانەیە کارەکەمان ئەنجامداوە:

### ١.دوانەی لێکدژی شەو و ڕۆژ لە دیوانی مەحویدا

یەکێک لەو دوانانەی کە بە شێوەیەکی باو و دیار لە دیوانی مەحویدا بوونی بەرجەستەتەکراوە بریتییە لە ململانێی نێوان شەو و ڕۆژ. لە بەشێک لەو توێژینەوە تراديسیۆنانەی کە لەسەر دیوانی مەحوی ئەنجامدراوە باسی سەنتەریبوونی شەو و پەراوێزی ڕۆژ دەکەن(زەندی، ١٣٩٤: ٨١٢)، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژە بە پێگەی ڕۆژ لای مەحوی بکەن، بەڵام بەپێی ستراتیژیەتی دیکۆنستراکشن خوێندنەوەی تاک لایەنە بۆ دوانەکان ئەنجامێکی دەقیق و ورد بەدەستەوە نادات، چونکە بەها و پێگەی دوانەی

لێکدژەکان بەیەکەوە بەستراون، بۆیە بەبێ ئەوی تر (پەراوێزی ترادیسیۆنی)، ناتوانین لە خود (سەنتەری ترادیسیۆنی) تێبگەین.

**١.١.شەو**

بەشێکی زۆری ئەو توێژەرانەی خوێندنەوەیەکی ترادیسیۆنیان بۆ دیوانی مەحوی ئەنجامداوە، شەو دەخەنە سەنتەر و ڕۆژ دەخەنە پەراوێزەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی مەحوی غەزەلێکی تایبەتکردووە بە باسکردنی گەورەیی شەو(خۆشناو، ٢٠١٤: ٢). ئەگەر هەبوونی غەزەلێکی تایبەت لەسەر شەو ببێتە هۆی حوکمدان لەسەر سەنتەریەتی شەو لای مەحوی، کەچی بە هەمان شێوە مەحوی غەزەلێکی تایبەت بە ڕۆژیشی هەیە، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەمە پێوەرێکی تەواو (کامل) نییە، چونکە ئەگەر سەرنجێکی ورد لە دەرکەوتەی دوانەی شەو و ڕۆژ لە دیوانی مەحوی بدەین هەست بە ناجێگیری و گۆڕاویی بەهای هەریەک لە شەو و ڕۆژ دەکەین. شەو لای مەحوی گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیەش دەڵێت:

شەو کەسێ پرسی لەخۆدەرخستنی پەروانە شەو

ئەو وتی ناتێگەیشتوو تـەجرەبەی مەردانە شەو      مەحوی: ٢٩٩.

بەشێک لەو بە گرنگ دەرکەوتنەی پێگەی شەو لای مەحوی پەیوەندی بە گەڕانەوەی مەحوی هەیە بۆ ئایەتێک لە قورئان (یا ایها المزمل، قم اللیل الا قلیلا) (المزمل:١-٢)، چونکە ئەم ئایەتە بە گرنگ باسی ئەو کاتەی نێوان شەو و ڕۆژ دەکات. گرنگیی ئەم کاتەی نێوان شەو و ڕۆژ پەیوەندی بە دوو خاڵەوە هەیە، خاڵی یەکەم پەیوەندی بە هاتنی خودا بۆ ئاسمانی دنیا هەیە (ینزل ربنا تبارک وتعالی کل لیله الی السماء الدنیا...)، کەوایە هۆکاری یەکەمی گرنگیی شەو و بە تایبەتی تریش ئەم کاتەی شەو بۆ مەحوی پەیوەندی بە کۆتاییهاتنی هیجر(نەگەیشتن) و

سەرەتای هاتنی وەسڵ(گەیشتن) دادەنرێت، چونکە مەحوی لە کاتی وەسفکردنی مەعشووقدا وەکو ڕۆژە، یاخود مەعشووق خۆی ڕۆژە، کەوایە ئەم کاتەی شەو کۆکردنەوەی دوانەی لێکدژی هیجر و وەسڵە. خاڵی یەکەم کە هاتنی مەعشووق بۆ ئاسمانی دنیا بوو، پەیوەندی بە زاتی مەعشووقەوە هەیە، بەڵام خاڵی دووەم پەیوەندی بە زاتی عاشقەوە هەیە، چونکە ئەو کاتە کەمە (الا قليلا) لە ڕووی هاتنەوە دەکەوێتە نێوان شەو و ڕۆژ، ئەم کاتە کەمەش کاتی کۆتاییهاتن و بە ئەوج گەیشتنی چڕی تاریکییە، هەروەها سەرەتای دەسپێکردنی چڕیی ڕووناکییە، لەو کاتەشی کە چڕی تاریکی دەگاتە دوا سنووری خۆی، لە هەمان کاتیشدا تیشکی ڕووناکی (مەعشووق- نوور) لە سەرەتای دەرکەوتنی خۆیدایە، بۆیەش چالاکیی جەستە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمدەبێتەوە، بەمەش چڕی خەوهاتن زیاد دەکات، لەگەڵ هەڵکشانی چڕیی تاریکی لەو کاتە کەمەی شەودا مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوانەکانی گومان و دڵنیایی، دوانەی ئیرادە و بێئیرادە، بڕیاردان و بڕیارنەدان، خەوتن و نەخەوتن، چالاکیی خانەکانی جەستە و ناچالاکیی خانەکانی جەستە، ئاگایی و نائاگایی، خۆشی خەوتن، خۆشی نەخەوتن، نەخۆشی خەوتن، نەخۆشی نەخەوتن! ماندوویەتیی خەوتن، ماندوویەتیی نەخەوتن! کەوایە لەو کاتەدا مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دۆخی گومان و دۆخی دڵنیاییەکی خەستەوە.

هەموو نێوانگیری و خاڵی هاوبەشی نێوان دوو شت، دوو هەبوو، دوو کات، دوو خواردن، دوو بڕیار... هتد نێوەندگیرییەکی پیرۆز و ناپیرۆزە، ئاسان و قورسە، باش و خراپە، چونکە ئەو کەسەی لەو کاتەدا بڕیار دەدات کە یەکێک هەڵبژێریت کەسەکە لە نێوان گومان و دڵناییدایە، بە هەمان شێوەش لە ئاینی ئیسلامدا بنەمایەکی سەرەکی هەیە کە ئەویش بریتییە لە ناوەندێکی بێ سەنتەر و پەراوێز (وكذلك جعلناكم امه وسطا...هتد) (البقره:١٤٣). لەو کاتە کەمەدا (الا قليلا) خانەکانی جەستە خەریکی خاوبوونەوە و گرژبوونەوەن، چونکە تاریکی لەگەڵ ڕووناکی

یەکدەگرن ئەوەی سێیەم پێکدێت کە نە تاریکییە نە ڕووناکییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە هەردووکیان، چونکە لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو کاتە دیاریکراوەدا وردەوردە ئاماژەکانی هاتنی تیشکی ڕووناکی و وردەوردە ئاماژەکانی ڕۆیشتنی تاریکی دەستپێدەکەن، بۆیە لەدوای ئەو کاتەوە چرپی خەوتن کەم دەبێتەوە ئەمیش بەهۆی کەمبوونەوەی تاریکی و زیادبوونی چرپی ڕووناکییە. مەحوی شاعیر ئەم کاتەی شەوی بەلاوە گرنگە، چونکە سێ چارێکی شەو کاتی خود پاڵفتەکردن و زاڵبوونە بەسەر حەزی چرپی خەوتن و دەسپێکی بەئاگاهاتنەوە و گرژبونەوەی خانەکانە، هەروەها هەمان کاتیش سەرەتای کەمبوونەوەی نائاگای و خاوبوونەوەیە، بۆیە چرکەساتی پێشوازیکردن لە نوێ و دەستبەرداربوونەی کۆن ئاسان و سەختە، کەوایە ئەم کاتە کەمە (الا قلیلا) لەخودی خۆیدا هەڵگری دۆخێکی ناجێگیرە، چونکە ئەم کاتە کەمە تێکەڵێکە لە دوو شت ئەوانیش بریتین لە تاریکیی شەو و ڕووناکی ڕۆژ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەو لای مەحوی تەنیا ڕەهەندێکی ئەرێنی نییە، بەڵکو شەو بۆ مەحوی ڕەهەندێکی نەرێنیشی هەیە، چونکە مەحوی پێیوایە هەر لە شەودا خراپکاران دژی چاکەکاران پیلان دادەنێن:

چیـــــە دنیا ژنێکە شەوی سک پر بەسەد فیتنە

سبەینێ زوو بەخوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بیزوو

مەحوی:٢٩٨.

مەحوی لە دیوانەکەیدا شەوی لەسەر چەندین فۆڕمی تری نەرێنیدا بەرجەستەکردووە، بۆ نموونە مەحوی بەختی خراپی خۆی و شەو لەسەر بنەمای ڕەشیەتی کۆدەکاتەوە:

من ڕۆژ ڕەشم و فەرقی نییە ڕۆژی من لە شەو

سەد ڕۆژ ئەگەر هەڵێ لەسەرم، ڕۆژم هەر شەوە   مەحوی:٤١٠.

کەوایە شەو بۆ مەحوی تەنیا ڕەهەندێکی ئیستاتیکیانەی نییە (خۆشناو، ٢٠١٢: ٢-٣)، بەڵکو شەو دیوێکی تریشی هەیە، کە ئەمیش بۆ شاعیر زۆر نائیستاتیکییە. زۆرجار لە توێژینەوەیترادیسیۆنی عیرفانیدا ئەم دیوەی شەو کەمتر باسکراوە، چونکە ئەم دیوەی شەو کەوتۆتە ئاستی پەنهانی دێرە شیعرەکانی، بەڵام هەرچی بە ئەرێنی سەیرکردنی شەوە کەوتۆتە دیوی دیاری شیعرەکان.

**١.٢. ڕۆژ**

ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت لە توێژینەوەی کوردیدا پێگەی ڕۆژ لە دیوانی مەحویدا باس نەکراوە، ئەمەش پەیوەستە بەو شێوە کارکردنە ترادیسیۆنیانە، کە لەسەر دیوانی مەحوی ئەنجامدراون، بەڵام ڕۆژ لە دیوانی مەحویدا پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە، چونکە شاعیر لە کاتی تەئویلکردنی مەعشووقی خۆیدا پەنا بۆ ڕۆژ دەبات. مەحوی بۆئەوەی پێگەی بەرز و جوانی (جمال)ی مەعشووقی خۆی نیشانبدات جارێک مەعشووق دەکات بە ڕۆژ، جاری دووەم مەعشووق و ڕۆژ هاوشێوەی یەک لێدەکات، جاری سێیەم مەعشووق وەکو نوور بەرجەستە دەکات، جاری چوارەم وەکو ماهـ (لەناو ماهـ یشدا هەر ڕووناکییەکەی مەبەستە)، بەڵام دواجار دەڵێت ڕۆژ لە ئاست مەعشووقدا کەمە:

وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت

لەمێوە ئەشک و ئاهی ئێمە ســەرکەوت   مەحوی: ١٢٠.

لەم دێرەی مەحویدا بەر دوو تایبەتمەندیی قوڵی هزریی مەحوی دەکەوین، بەڵام ئەوەی لەم دێرەدا بۆ ئێمە جێگەی باسە بریتییە لە

هاوشێوەکردنی مەعشووق و ڕۆژ، چونکە مەحوی لێرەدا مەعشووقی لەسەر فۆڕمی ڕۆژ بەرجەستەکردووە:

بـــە پیر ئەو ڕۆژەوە (مەحوی) ئەوەندە

بەسەر چوو بوو، وەکوو شەونم لەسەر کەوت        مەحوی:١٢٢.

یاخود:

شـــەو بە ئێمە با نەویدی هاتنی جانانی دا

یەعنی: ئەی شەونم گەلینە! موژدەبێ میوانە ڕۆژ      مەحوی:١٧٨.

مەحوی مەعشووقی وەکو رۆژ و هەندێکجاریش لە فۆڕمی ڕۆژ وێناکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لای مەحوی مەعشووقی وەک ماهـ(مانگ) نیشانداوە، سروشتی مانگیش وایە لە شەودا دەردەکەوێت، لە سەرووی هەموو ئەمانەشدا مەحوی مەعشووقی وەکو نوور نیشانداوە، بەڵام زاراوەی نوور لە زاراوەی ڕۆژ (sun) جیایە، بۆیەش وەرگێڕانی زاراوەی نوور بە زاراوەی ڕۆژ دروست نییە، چونکە نوور یەکسان نییە بە ڕۆژ. ئەم شێوە بەرجەستەکردنەی مەعشووق بە نوور لای مەحوی پەیوەستە بە دیداری پێغەمبەر موسا (د.خ) و خودا، کە لە سوڕەتی (الاعراف: ئایەتی:١٤٣) باسکراوە، لەوێدا ئاماژەکراوە بەوەی کە خودا لە کێوێکدا خۆی لە فۆڕمی "نوور" بۆ پێغەمبەر موسا تەجەللاکرد، مەحویش بە هەمان شێوە مەعشووقی خۆی لەسەر فۆڕمی نوور بەرجەستە دەکات، کەوایە نوور لە ڕووناکی نزیکترە، نەوەک لە تاریکی و ڕەشیدا:

لە بەینی نوور و زوڵمەت ئامەشۆ سەرناگرێ مەحوی

نیگـــارم بۆیە پێمی وت: لە من هاتن لە تۆ ڕۆیین
مەحوی:٢٩٤.

تا ئێرە توانیمان بە شێوەی تاکتاکە دەستنیشانی بەها و پێگەی هەریەک لە ڕۆژ و شەو لە هزری مەحویدا بکەین، بەڵام لێرە بەدواوە ئەو ڕۆژسەنتەری و شەوسەنتەرییە هەر لە ڕێگەی دەقەکانی مەحوییەوە هەڵدەوەشێنینەوە، چونکە ئەگەر لە دێرە شیعرێکدا مەحوی شەو دەخاتە سەنتەر و ڕۆژ دەخاتە پەراوێز، کەچی مەحوی لە شوێنی تردا نیشانمان دەدات کە ڕۆژ سەنتەرە و شەو لە بەرانبەریدا پەراوێزە، بەڵام هەر بە دەقی مەحوی وەڵامی ئەمەش دەدەینەوە، کە مەحوی باوەڕی بە هیچ سەنتەرێک لە نێوان ڕۆژ و شەودا نییە، چونکە هەموو دوانە لێکدژەکان سروشتێکی ناجێگیریان هەیە، بەڵام بوونی هەردووکیان بەیەکەوە گرێدراوە:

هەتا ڕۆژە دەبی بۆ شامی شەو هەوڵێ بدا هەرکەس

ئەگەر شاهەنشەهە ئەو ڕۆژە ڕۆیی شەو بەبێ شێوە

مەحوی: ٣٣٣.

" پێوستە هەموو کەسێ بە درێژایی ڕۆژ هەوڵبدات بۆ خۆراکی شەو، ئەگینا ئەگەر شاهەنشایش بێ، مادەم ڕۆژەکەی بە خۆرایی لێڕۆیی، شەو بەبێ شیو سەردەنێتەوە"(شەرحی دیوانی مەحوی، مودەڕڕیس:٣٣٣)، لەم دێرەدا مەحوی ڕۆژ دەخاتە سەنتەر و شەویش بە ڕۆژ گرێدەداتەوە، هەروەها هەمان واتا و مەبەستی دێری سەرەوە بە شێوەی نەرێ دووبارە دەکاتەوە:

در سگان و شـــە را روزە ها بیهودە کوبیدە م

دگر در کوی شاە خود کنم خاکی بە سر امشب

مەحوی:٥٢١.

مەحوی پێیوایە ئەگەر لە ڕۆژدا لە دەرگای شا و سوڵتانیش بدەی، ئەوە دەبێت شەو قوڕ بەسەری خۆتدا بکەی، چونکە لە شەودا پلە و پایە دادی کەس نادات. شەو لەم دێرەدا دەکرێت مانایەکی تریشی هەبێت، کە مەبەست لێی گۆڕ (قەبر) بێت و ڕۆژیش مەبەست لێی ژیانی دونیا بێت، چونکە مەحوی لە دێرێکی تریشدا هەمان لێکچواندنی لە نێوان شەو و ڕۆژ و ژیانی دنیا و ژیانی ناوگۆڕ دروستکردووە.

شـــب در خیال تو خوابم ربوده بود

امروز چشم من همه مشک ختن گریست                    محوی:٥٢٥.

شەو لە خەیاڵی حاڵی تۆدا خەو لە چاوم زڕا، ئەمڕۆ چاوم لە بری فرمێسک مسکی خەتای لێوە دێت. مسکی خەتا دەلالەت لە شادی و باشیی چاوی مەحوی دەکات، چونکە مسکی خەتا بۆنێکی خۆش و گرانبەهایە، و دڵخۆشکەرە، لەبەرئەوەی مسکی خەتا لە ناوکی ئاسک (مامز) دروستدەکرێت. مەحوی پێیوایە ئەوەی لە شەو دەیچێنین لە ڕۆژدا دەیدوورینەوە، هەروەها ئەوەشی لە ڕۆژدا دەیچێنین لە شەودا لە سایەیدا بە ئارامی دەژین. لە مەسەلەی پەرستشدا مەحوی جارێک شەو دەخاتە سەنتەر و ڕۆژ دەخاتە پەراوێز:

نەبووە، نابینی لەشەو مەحرەم ترێ تـا ڕۆژی حەشر

پەردەپۆشە، هەمدەمە، هەمدەردی عوششاقانە شەو

مەحوی:٣٠٠

بە گشتی مەحوی لە مەسەلەی زیکردا باوەڕی بە بەسەنتەربوونی هیچ یەکێک لە شەو و ڕۆژ نییە، چونکە مەحوی هەریەک لە ئایەتی (قم

اللیل الا قلیلا) و فەرموودەی (ان فی یوم الجمعه ساعه...) لە یەک دێرە شیعردا کۆدەکاتەوە:

هەتا ئەو ناوە پاکەم کردە زیکر و فیکری ڕۆژ و شەو

هــەناسەم بۆنی میسکی گرتووە، لێوم شەکەربارە
مەحوی:٥٠٧.

یەکێک لەو هۆیانەی کە دەبێتە هۆی گرنگیی شەو، یاخود ڕۆژ پەیوەستە بە مەسەلەی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی و هاتن و نەهاتنی مەعشووق، چونکە لەو کاتەی کە مەعشووق دەردەکەوێت کاتەکە چ شەو، یاخود ڕۆژ بێت دەبێتە سەنتەر، ئەوی تریش دەچێتە پەراوێز. مەحوی لەم نموونەیەدا بەهۆی دەرکەوتنی مەعشووق لە ڕۆژدا، ڕۆژ دەخاتە سەنتەر و شەو دەخاتە پەراوێزەوە:

دەبێ دڵ ویسعەتێکی وەک فەلەک زیاتر وەکەف بێنێ

شــەو و ڕۆژی فیراق و وەسڵی دولــبەر تا بگونجێنێ
مەحوی:٣٥٤

"دڵ دەبێ فراوانییەکی لە ئاسمان گەورەتر دەست بخا تا جێی شەوی دووری و ڕۆژی وەسڵی یار لەناو خۆیدا بکاتەوە" (شەرحی دیوانی مەحوی: موردەڕریس: ٣٥٤)، هەروەها لەگەڵ ئەم شێوە بەسەنتەرکردنەی ڕۆژ بەهۆی هاتن و دەرکەوتنی مەعشووقەوە، کەچی مەحوی هەر بەم هۆیەوە جێگەی شەو و ڕۆژ پێچەوانە دەکاتەوە بۆیە شاعیر دەڵێت:

مـــاهەکەم ئەمشە شوکر پڕتەوفشانی خانەیە

قەت لە دەرگا دەردەچم گەر بێتە ئەم سەربنە ڕۆژ  مەحوی:١٧٩.

یاخود:

حەقیە ڕۆژ و شەو کە بێ تابی دەکا، وادەی ویسال

شەو بوو بێ بەش ما لە وەسڵی ئەو سەراپا جانە ڕۆژ
مەحوی:١٨٠

کەوایە ناجێگیریی ڕۆژ و شەو بەهۆی ناجێگیریی کاتی هاتنی مەعشووقی مەحوییە، بۆیەش هەرجارە و یەکێک دەچێتە سەنتەر ئەوی تر دەچێتە پەراوێز، بەڵام مەحوی لە ڕێگەی دەرخستنی مەعشووق لە بەرەبەیاندا کە دەکاتە نێوان شەو و ڕۆژ هەوڵیداوە سەنتەریەتی ڕۆژ و شەو هەر لە ڕێگەی هاتن و دەرکەوتنی مەعشووق هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە مەعشووقی مەحوی ناوەندگیری لە نێوان شەو و ڕۆژ دەکات، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی مەعشووقی مەحوی لەو کاتە هاوبەشەی کە دەکەوێتە نێوان ڕۆژ و شەو، ئەم کاتە هاوبەشەش پیرۆزی و سەنتەری بە تەنیا لە یەکێک دەسێنێتەوە و دەیداتەوە بە هەردووکیان، چونکە ئەو کاتەی مەعشووقی مەحوی تێیدا دەردەکەوێتە نە شەوە نە ڕۆژە، بەڵکو تێکەڵێکە لە ڕۆژ و شەو:

وەنەوزێکم شەوێ دا، گەییە سـەرم و

وتی: هەستە هەتاوت وا لەسەر کەوت
مەحوی:١٢٠.

یاخود:

سوبحی مەحشەر بوو، وتت: سوبحەی زووە وادەی ویسال

عالەمی کوشت ئینتیزاری هاتنی وادەی زوو بە زووت
مەحوی:٢١٣.

کەوایە بە شێوەیەکی گشتی دوانەی لێکدژی ڕۆژ و شەو لە دیوانی مەحویدا هیچ کامیان بە هەمیشەیی سەنتەر و هیچ یەکێکیان بە هەمیشەی پەراوێز نییە، چونکە هەردووکیان بەڵگە (ئایەت)ی مەعشووقی مەحوین، بۆیە لای مەحوی دواجار هیچ یەکێک لەم دووانە لە نێوان خۆیاندا بە ڕەسەنتر و ئەسڵتر لەوی تر نازانێت، بەڵکو ئەسڵی شەو و ڕۆژ بۆ مەحوی پەیوەستە بە ئەوی تر (مەعشووق)، چونکە هەرکات مەعشووقی مەحوی خۆی دەرخست ئەوکاتە بۆ مەحوی ڕەسەن و ئەسڵ دەبێت. مەعشووقی مەحوی لە ڕووی کاتی هاتنەوە سروشتێکی ناجێگیری هەیە، چونکە هەندێک کات مەعشووقی مەحوی لەسەر فۆڕمی ڕۆژ و هەندێک کاتیش لەسەر فۆڕمی مانگ خۆی بەرجەستە دەکات، جارجارەش مەعشووق لە فۆڕمێکی تێکەڵ و پێکهاتوو لە ڕۆژ و شەو بوونی دەردەکەوێت، کەوایە ناجێگیری لە کاتی هاتنی مەعشووقدا ناجێگیری لە ڕۆژ و شەو دروستدەکات. بۆ مەحوی لە بنەڕەتدا نە شەو ئەسڵە و نە ڕۆژ ئەسڵ، بەڵکو ئەسڵی ئەمان پەیوەستە بە ئەوی تر (مەعشووق)ەوە:

ئەهلی فەزڵ ئارام و ڕووناکی نە شەو ئەسڵا نە ڕۆژ

بۆ نییە و نابیَ، کە ئەمـــڕۆ ڕۆژی نائەهلانە ڕۆژ مەحوی:٣٨٤.

دواجار مەحوی هەوڵیداوە لە یاسایەکی لۆژیکی لابدات، چونکە مەحوی بە شێوەیەکی نالۆژیکی توانیویەتی شەو و ڕۆژ و تاریکی و ڕووناکی پێکەوە کۆبکاتەوە:

دۆریە مەنعی جەمعی (چد) نەزەرکەن

لە بەزمی ئـــــەمشەو ڕۆژیَ دیارە مەحوی:٤٠٩.

"واتە: کە مەنتیقییان دەڵێن دوو شتی دژ پێکەوە کۆنابنەوە، ڕاست ناکەن، ئەوە نییە، لە کۆڕی ئێمە تاریکی ئەمشەوی ئێمەدا ڕۆژی ڕووی

یار دیاره"(شەرحی دیوانی مەحوی: مودەڕڕیس،٤٠٩)، لەمەدا مەحوی توانیویەتی دوانەی لێکدژی شەو و ڕۆژ پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆیەش بە لۆژیکییەکان دەڵێت ئەوە من یاسای ئێوەم تێکدا، چونکە مەحوی توانیویەتی شەو و ڕۆژ پێکەوە کۆبکاتەوە. مەحوی لە چەندین شوێنی تردا پێچەوانەی یاساکانی لۆژیک مامەڵەی لەگەڵ زمان و هزر کردووە.

**ئەنجامەکان**

١. مەحوی لە هەندێک دێرە شیعریدا ڕۆژ دەخاتە سەنتەر و لە بەرانبەردا شەو دەخاتە پەراوێز، چونکە مەحوی لەم دێرە شیعرانەدا مەعشووقی خۆی لە فۆڕمی ڕۆژ بەرجەستە دەکات، ڕۆژیش هەمیشە لە کاتی هەبوونی ڕووناکیدا دەردەکەوێت.

٢. مەحوی لە هەندێک دێرە شیعری تردا شەو دەخاتە سەنتەر، لە بەرانبەردا ڕۆژیش دەخاتە پەراوێز، چونکە مەحوی لەم دێرە شیعرانەدا مەعشووقی خۆی لەسەر فۆڕمی مانگ (ماه) بەرجەستە دەکات، دەرکەوتنی مانگیش هەمیشە لە کاتی شەودایە، نەوەک ڕۆژ.

٣. مەحوی نێوانگیری لە نێوان شەو و ڕۆژدا دەکات پێیوایە هیچ یەکێک لە ڕۆژ و شەو بە هەمیشەیی سەنتەر و ئەوی تر پەراوێز نییە، چونکە ئەو کاتەی کە مەعشووقی مەحوی خۆی بۆ عاشقان تەجەللا دەکات کەوتۆتە نێوان شەو و ڕۆژ، بە مانایەکی تر ئەو کاتە تەنیا سەر بە یەکێک لەم دوانە نییە، بەڵکو تێکەڵێکە لە ڕۆژ و شەو، بەم هۆیەشەوە هەردووکیان دەبن بەسەنتەر، بەمەش پەراوێزی لە نێوان شەو و ڕۆژ نامێنێت.

٤. دواجار مەحوی پێیوایە نە شەو ئەسڵە نە ڕۆژ، بەڵکو ئەسڵبوون و ڕەسەنبوونی ڕۆژ و شەو پەیوەستە بە کاتی هاتن و دەرکەوتنی مەعشووق (ئەوی تر). بۆ مەعشووقی مەحوی شەو و ڕۆژ ئەسڵن، بۆیەش لای مەحوی لە نێوان ڕۆژ و شەودا پەراوێزی هەمیشەیی و جێگیر بوونی نییە، چونکە کاتی هاتنی مەعشووقی مەحوی دەکەوێتە نێوان شەو و ڕۆژ، بۆئەوەی سەرنتەر و پەراوێزی هەمیشەی و جێگیر لە نێوانیان دروست نەبێت.

## بیلۆگرافیا

### قورئانی پیرۆز

### کوردییەکان


- ئەفلاتوون(٢٠١١) کۆبەرهەمی ئەفلاتوون، وەرگێڕ: هاوار عیمرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنما. سلێمانی.
- ئەفلاتوون(٢٠١١) کۆبەرهەمی ئەفلاتوون، بەرگی پێنجەم، وەرگێڕ: هاوار عیمرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنما. سلێمانی.
- ئەلنەشار، مستەفا(٢٠١٨) مێژووی فەلسەفەی یۆنان لە گۆشنەنیگای ڕۆژهەڵاتییەوە، وەرگێڕ: عومەر عەلی غەفوور. چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران. تاران.
- ئیسماعیل، ڕێبین رسول(٢٠١٠) جاک دریدا هەڵوەشاندنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- برێسلەر، چارلز(٢٠٠٢) میتۆدۆلۆژیای قوتابخانەی ڕەخنەیی پێکهاتەهەڵوەشێنی(Deconstruction)، وەرگێڕ: عەبدولخالق یەعقوبی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە٢٢، سلێمانی.
- بێرتینیز، هانز(٢٠١٥) بنەمایەکانی تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕ: عەبدوالخالق یعقوبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- توفیق، سەعید(٢٠١٧)، چیەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل، وەرگێر: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- حەسەن، عەبدولستار پیرداود(٢٠١٠) هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرە بۆ پراکتیزەکردن، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین.

- خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠١٢) شەو لای( مەحوی) ڕوانینێکی ئێستاتیکانە، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٥٧٤٤)، سلێمانی.

- دریدا، جاک(٢٠٠١) ڕۆشنبیریی(هەڵوەشاندنەوە) لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی دیکە دەگۆڕێ و مەرج نییە هەموو ڕەخنەگرێکی ئەدەبیش بتوانێ بەکاری بێنێ، ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری کاروان، ژمارە١٥٢، هەولێر.

- دریدا، جاک(٢٠١٣) نووسین و جیاوازی، ڕێبین رەسول ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

- دریدا، جاک(٢٠١٥) دەرمانخانەی ئەفلاتون، وەرگێرانی: ریبین رسول ئیسماعیل، چاپی یەکەم. چاپخانەی؟، هەولێر.

- دریدا، ژاک(١٩٩٧) ژاک دریدا من ناخوازم هەڵوەشاندنەوەیی وەک میتۆدێک یان قوتابخانەیەک بمێنیتەوە، وەرگێڕ: شوان احمد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە٩، هەولێر.

- سجادی، بەختیار(٢٠٠١) تیۆری هەڵوەشانەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە٦٥، هەولێر.

- سوسێر، فردیناند دی(٢٠١٨) کۆرسێک لە زمانەوانیی گشتی، وەرگێر:نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیڤی، دهۆک.

- زەندی، سیروان جبار ئەمین(١٣٩٤) پێگەی شەو لە نێو شیعرەکانی مەحوی و مەولانای ڕۆمی(کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان-سنە).

- کالر، جاناتان(٢٠١٦)فردیناند دو سۆسۆر، وەرگێڕ: مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مەحوی(٢٠١٨)دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، چاپی نۆیەم، چاپخانەی کوردستان، سنە.

- مەدەپوور، محەمەد(٢٠١٧) ڕەتکردنەوەی هەبوونی واتا لە بەرهەمی هونەریی لەڕوانگەی ژاک دریدا، و:غەریبە حوسێن، گۆڤاری کەلێن، ژمارە٢، سۆران.

- محمد، عبدالقادر حمەامین(٢٠١٣) بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانگۆی سلێمانی، ژمارە٤٠، سلێمانی.

- فارسییەکان:

- دریدا، ژاک (١٣٩٦)دربارەی گراماتولوژی، چاپ اول، ناشر: شوند، تهران.

- رویل، نیکلاس(١٣٨٨) ژاک دریدا، مترجم: پویا ایمانی، چاپ اول، نشر مرکز، تهران.

- سیرت، عبدالله نیک(١٣٩٦)گفتار در باب لوگوس،مجله پژوهشی دانشگاه قم، شمار ٢، قم.

- کناری، مهدی خبازی(١٣٩٨)دیفرانس، ساختارزدایی دریدا، چاپ اول. انتشارات سیاهرود، تهران.

- گلندینینگ، سایمون(۱۳۹۸) درآمدی بر ژاک دریدا، مترجم: مهدی پارسا، چاپ اول، ناشر:طهرانی، تهران.
- ویکس، رابرت(۱۳۹۷) فلسفه مدرن فرنسه،مترجم: پیروز ایزده، چاپ دوم، انتشار پالپ، تهران.

**Abstract**

This paper is under the name of (Deconstruction and mysticism in Mahwis mystical poems). It is an attempt to exhibit Mahwis mystical poems according to the ways of deconstruction project. It also gathers two independent subjects which are Deconstruction and mysticism together based on their differences .

This research contains two chapters; the first chapter deals with the explanation of deconstruction terms such as deconstruction ،logo centrism ،difference ،speech and graphic and graphocentrism. The second chapter analysis the binary devisions of night and day according to the ways of deconstruction project in Mahwis Diwan .

Key words: Deconstruction ،mysticism ،Jacques Derrida ، Mahwi and the binary devisions of night and day.

**الملخص**

هذا البحث تحت العنوان (ديكونستراكشن والعرفان: بالنماذج الاشعار العرفانيه للمحوى)، فهو محاوله لتحليل النصوص العرفانيه الكرديه بالنماذج الشعريه للمحوى بآليه مشروع التفكيك. فإن جمع كل من ديكونستراكشن والعرفان فى البحث الادب الكردى كان أول محاوله من جمع الوجودين المستقلين على أساس المفارقه.

إن هذا البحث مكونه من فصلين. الفصل الاول مختصه لتحليل مصطلحات مشروع ديكونستراكشن، فمنها ديكونستراكشن( مركزيه لوجوس-Logocentrism) ، ( ديفرانس-Differance ) و (الصوت والجرافيك). و الفصل الثانى مكونه من تحليل التوأمين الضدين كل من الليل والنهار على أساس مشروع ديكونستراكشن فى ديوان محوى.

الكلمات المفتاحيه: ديكونستراكشن ، العرفان ، جاك دريدا، محوى، التوأمان الضدان كل من الليل والنهار.